# پێکهاتنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و ئالنگارییە سەرەکییەکانی بەردەمی (٢٠١٤-٢٠١٧)


| |
|---|
| دلۆڤان میرە عبداللە |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| Email: dlovanmeerah@gmail.com |
| پ. د. صالح عمر عیسی |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| Email: salih.issa@su.edu.krd |



| وشە کلیلییەکان: | Received: 30/04/2025 | ID No. 4105 |
|---|---|---|
| هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ، شەری داعش، تیرۆر | Accepted: 12/06/2025 | (PP 184 - 218) |
| | Published: 27/07/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.39.9 |



## پوختە

سەرهەڵدانی تاقمی تیرۆریستی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ و فراوانبوونی خێرای و داگیری کردنی بەشێکی بەرچاوی خاکی عێراق و سوریا، مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهان دروستکرد. لە بەرامبەر ئەم قەیرانەدا هاوپەیمانیەکی سەربازی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پێکهێنرا. ئەم بابەتە بەدواداچوون بۆ پرۆسەی پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانییە دەکات لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ هەروەها هەوڵ دەدات پرۆسە، ئامانجەکان و ئالنگاریەکانی گرنگی یاسایی، ستراتیجی و سیاسییەکانی شیبکاتەوە و ولامی ئەم پرسیارانە روون بکات، کە ئایا کێشەکانی بەردەم پێکهاتنی ئەم هاوپەیمانییە چی بوون؟ و ئایا کاریگەریان خستۆتە سەر ئامانجی سەرەکی، کە شەری بەرنگار بوونەوەی تیرۆر بووە؟ لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەو ئەنجامە دەگات کە سەرەرای سەرکەوتنی رێژەیی لە لاوازکردنی پێکهاتەی سەربازیی داعش، بەڵام کێشە پێکهاتەیی و سیاسییەکانی ئەندامان و وڵاتانی دیکەی ناوچەی و جیهانی بەشدار لە شەری تیرۆر وەک بەربەستێکی گەورە لە بەردەم شەرێکی بەردەوام، دژی تیرۆری نێودەوڵەتی ماونەتەوە، ئەم توێژینەوەیە رێبازی مێژووی و شیکاری بەکارهێناوە بۆ نووسینی بابەتەکە و زانیاریەکانی لە کتێب، گۆڤارە زانستیەکان و سەرچاوەکانی فەرمی وسەرچاوەکانی هەولێ باورپێکراو، پەیوەست بە بابەتەکە کۆ کردۆتەوە.


## پێشەکی

پرسی تیرۆر و دەرکەوتنی گروپە تیرۆریستیەکان بوونەتە دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەرەهەند لە جیهاندا بە تایبەت لە سەدەی بیست و یەکەم، وەک دەرکەوتنی گروپی تیرۆریستی بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام" (داعش)، و فراوانبوونی خێرای لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکەی گۆری و بە سوودوەرگرتن لە بۆشایی دەسەڵات لە عێراق و سوریا، توانی لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانەدا بگرێت. سەرهەڵدانی خێرا و توندوتیژانەی داعش نەتەنیا بۆتە هەرەشەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست،

بەڵکو بووە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهانیش بەهۆی سروشتی نێودەوڵەتی و پێکهاتە نێودەولەتیەکەی. ئەم گروپە بە پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیای توندڕەوی ئاینی و راکێشانی چەکدارانی بیانی و ئیستغلالکردنی فەزای سۆشیال مێدیا، بووە یەکێک لە ئاڵۆزترین جۆری هەڕەشە تیرۆریستییەکانی سەردەمی ئێستا.

لە بەرامبەر ئەم هەڕەشەیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە راسپاردەی ئەمریکا و لە سەر داوای راستەوخۆی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان بەرێز مسعود بارزانی و حکومەتی عێراق، بە درککردن بە پێویستی وەڵامدانەوەی هاوبەش، لە ساڵی ٢٠١٤دا هاوپەیمانییەکی سەربازی نێودەوڵەتی پێکهێنا، بە سەرۆکایەتی ئەمریکا. ئەم هاوپەیمانییە بە ئامانجی لەناوبردنی توانای سەربازی و پێکهاتەییەکانی داعش پێکهێنرا کە نێزیکەی ٨٠ وڵات وچەندین ناوەندی سیاسی و سەربازی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام کارەکانی ئەم هاوپەیمانییە لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ ڕووبەڕری چەندین ئالنگاری بووە، لە جیاوازی سیاسەتەکانی نێوان ئەندامان و ڕکابەرییە ناوچەییەکان تا دەگاتە پرسە یاسایی و مرۆییەکان و سنووردارکردنی ئۆپەراسیۆن لە بەرەکانی شەڕدا.

سەبارەت بە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە یەکەم گرنگی ستراتیجی یەکەیەتی لە تێگەیشتن لە کارلێکە نێودەوڵەتییەکان هەروەها دارِشتنی سیاسەتی ئەمنی و چۆنییەتی بەرەنگار بوونەوەی وڵاتان لەگەڵ هەڕەشە نێودەولەتییەکانە وگرنگی بابەتەکە لەوە دایە کە لێکۆڵینەوە لە بابەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش نەک تەنیا لە ڕوانگەی ئاسایشیەوە بەڵکو لە ڕوانگەی سیاسی و یاسایی و تەنانەت مرۆیییشەوە گرنگە بە تایبەت بۆ ئەکتەرێکی نادەولەتی وەک هەرێمی کوردستان کە راستەوخۆ کەوتبەووە بەر هەرەشەی داعش لە بابەتی مرۆیی و جینۆسایدکردنی هاوڵاتیانی کوردی ئیزدی و مەترسی داگیر کردن و لەناو بردنی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە تەحەددیاتی هاوکاری نێودەوڵەتی لە قەیرانەکاندا و دەتوانێت سوودی بۆ شیکارانی سیاسی و توێژەرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بڕیاردەرانی سیاسی هەبێت. ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان و خاڵە بەهێزەکانی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیررۆری نێودەوڵەتی، هەروەها توێژەر کار لە سەر ولامدانەوەی چەند پرسیاری سەرەکی دەکات وەک، هۆکاری سەرەکی پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش چین؟ ئەم هاوپەیمانییە چۆن دروست بوو و کام وڵات ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕا؟ گرنگترین ئاستەنگ و ئالنگاریەکان چین کە هاوپەیمانی ڕووبەڕووی بووەوە؟ و هەندێک پرسیارە لاوەکی وەک، ئایا ململانێی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەندامانی هاوپەیمانی کاریگەری ئەم هاوپەیمانیەی کەمکردەوە؟ و ئایا باسی لایەنی تیوری هاوپەیمانیەکان تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی سەرەکی پێکهاتنی ئەم هاوپەیمانیە؟ لە لایەکی دیکە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، دەستنیشانکردنی گرنگی دروست بوونی هاوپەیمانەتیەکان لە بەرنگار بوونەوی تیرۆر و شیکردنەوەی هۆکارە سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانی و پشکنینی بەربەست و تەحەددیاتی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکان و شەرعیەتی هاوپەیمانان لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ و لە لایەکی دیکە هەڵسەنگاندنی کاریگەریی کردەوەکانی هاوپەیمانان لە لاوازکردن یان تێکشکاندنی داعش.

چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە کورت دەبێتەوە لە بابەتی سەرهەڵدانی داعش و تەشەنەکردنی خێرای لە سالی ٢٠١٤ لە سوریا و عێراق کە بووە هۆکاری سەرەکی بۆ دروست بوونی هاوپەیمانیەک لە ژێر ناوی (هاوپەیمانی نێودەولەتی دژی داعش لە عێراق و سوریا ) و هەرەوەها پالنەر، هۆکارەکان و رێرەوەی مێژووی ئەم هەولانە لە سالی ٢٠١٤ بەیان دەکات و باس لەو گرفت و ئالنگاریانە دەکات کە لە پاش دروست بوونی ئەم هاوپەیمانییە بوونە بەربەست لە رووی یاسای، سیاسی، سەربازی وستراتیجی لە ماوەی سالانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ بۆ کارەکانی ئەم هاوپەیمانیە. لە لایەکی دیکە توێژەر لە دەسپێکی بابەتەکە باس لە چوارچێوەیەکی تیوری دەکات، لە سەر بیرۆکەکانی دروست بوونی هاوپەیمانەتی لە تیوری ریالیزم و قوتابخانەی کۆپێنهاگ و لە بەشی دواتر باس لە پرۆسە و هۆکارەکانی پێکهاتنی هاوپەیمانی سەربازی دژی داعش دەکات و لە بەشی کۆتایی باس لەو ئالنگاریە یاسای، سیاسی و سەربازیانە دەکات کە ئەرکی سەرەکی هاوپەیمانی دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیان.

پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پێک دێت لە ٤ بەشی سەرەکی کە لە بەشی یەکەم باسێکی تیوری چەمکی هاوپەیمانی دەکات لە بەشی دووەم باسی سەرهەڵدانی داعش دەکات و لە بەشی سێیەم باسی دروست بوونی و

هۆکارەکانی پێکهاتنی هاوپەیمانی دەکات و لە بەشی کۆتایی کە دابەش دەبێتە سەر دوو بابەتی سەرەکی باسی ئالنگاریەکانی بەردەم دروست بونی هاوپەیمانی دەکات لە بواری یاسای و هەروەها ئالنگاریە سیاسی، سەربازی وستراتێجیەکان دەکات کە کاریگەری کردۆتە سەر کار هاوپەیمانان لە شەری داعش و لە کۆتای دا باس لە دەرئەنجامەکانی بە دەست هاتوو دەکات لە لایەن توێژەر.

## بەشی یەکەم: چەمکی تیوری هاوپەیمانیەتی سەربازی

هاوپەیمانییە سەربازییەکان، بە تایبەت هاوپەیمانی سەربازی دژی هەڕەشەی تیرۆر، دیاریترین جۆری هاوپەیمانییە کە لە رۆژگاری ئیستا دا بەدی دەکرێت و مێژووی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ١١سپتەمبەر و دەرکەوتنی مەترسی تیرۆر وەکوو هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر هەموو وڵاتانی جیهان چ وەک هەڕەشەیەکی ناوخۆیی چ وەکوو هەڕەشەیەکی جیهانی کە وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێت بەرەنگاری ئەم جۆرە هەڕەشەیە ببێتەو و پێویستی بە دروستکردن یان چوونە ناو هاوپەیمانی هەیە بە تایبەت هاوپەیمانی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوی مەترسیی تیرۆر.[1]

هەر چەندە پێناسەیەکی گشتی بۆ چەمکی تیرۆر نیە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە تیرۆر ئەنجامدانی توندوتیژی بە ئەنقەست بە هۆی هەبوونی پاڵنەری سیاسی کە لەلایەن ئەکتەرە نادەولەتیەکان دژی ئامانجە مەدەنییەکان ئەنجام دەدرێت، و بەزۆری ئامانجی کاریگەری لەسەر خەڵکە[2] هەرەها ئەلێکس اسکیمێد بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی تیرۆر دەکات "تیرۆر واتە هەڕەشە یان بەکارهێنانی سیستماتیکی توندوتیژی لەلایەن ئەکتەرە نادەوڵەتیەکانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی، ئایینی، یان ئایدیۆلۆژییەکان بە چاندنی ترس لە دانیشتوانی مەدەنی یان فشارخستنە سەر دەوڵەتەکان."[3]

ڕووداوکانی ١١ی سپتەمبەر بە ڕوونی ئەمەی ئاشکرا کرد کە تەنانەت وڵاتێکی بەهێزی وەکوو ئەمریکا کە لە هەموو بوارەکانی سەربازی، مادی، ئابووری و سیاسیدا بێ هاوتایە، ناتوانێت بە تەنیایی بەرەنگاری دیاردەیەکی وەکوو تیرۆر ببێتەو و پێویستی بە هەبوون یا دروستکردنی هاوپەیمانیەتی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەرەشە وجوودیە.[4]لێرەدا هندێک تیۆری وەک تیۆری هاوپەیمانی لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن هاوپەیمانییە کاتییەکانی نێوان ئەکتەرە جیاوازەکان پێک دێت و سەقامگیر دەبن و دواتر دەڕووخێن، ویلیام ڕایکەر، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرییە، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی تیۆری هاوپەیمانییە سیاسییەکان لە ڕوانگەی تیۆری یارییەوە، هاوپەیمانی شیکردەوە و چەمکێکی بە ناوی "هاوپەیمانی کەمترین براوە" (Minimum Winning Coalition) پێشنیار کردووە، واتە ئەو هاوپەیمانیە کە تەنیا بە رادەی پێویست بۆ سەرکەوتن پێکدەهێنرێن، نەک زیاتر . واتا دوای پێکانی ئامانج نامێنێت[5]

هەروەها تیۆرییە نیوریالیستەکانی سەبارەت بە هاوپەیمانییە سەربازیەکان باس لەوە دەکەن کە وڵاتان تەنیا بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنێک دەچنە ناو هاوپەیمانیەتی و بەبێ بوونی دوژمن، هاوپەیمانی هیچ مانایەکی نامێنێت، ئەو تیۆریانەی کە ڕیالیستەکان پێشنیاریان کردووە هەوڵ دەدات ڕەهەندە جیاوازەکان و هۆکاری پێکهێنانی هاوپەیمانی سەربازی بپشکنن[6].

---

[1] Wanandi, Jusuf. "A global coalition against international terrorism." International Security 26, no 4،(2002), P 184.

[2] محمد، نزهت، الأمن الوطني بين التحديات الداخلية والخارجية، جامعة صلاح الدين- أربيل ، أطـــــروحة الدكتوراه ، ٢٠٢٢، ص٧٠

[3] Schmid, A. P. (2011). The Routledge Handbook of Terrorism Research, Routledge, 2011,p39

[4] Jusuf Wanandi, A Global Coalition against International Terrorism,2002 https://www.jstor.org/stable/3092107

[5] Riker, W. H. . The Theory of Political Coalitions, new haven,Yale University Press, 1962, pp 32-55

[6] Waltz, Kenneth. *Theory of International Politics*. Reading, MA: Addison-Wesley, 1979., p 79

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

جۆن میرشایمەر وەک یەکێک لە تیۆریستە دیارەکانی ریالیزمی هێرشبەر، لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( Tragedy of Great Power Politics) لە بەشی شەشەم و حەوتەم ئەم باسە دەکاتەو کە لە غیابی دەسەڵاتێکی ناوندیدا لە سیستەمی نێودەوڵەتی، دەبێت دەوڵەتەکان هەوڵی زیادکردنی دەسەڵاتی ڕێژەیی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆیان بپارێزن، ئەو پێی وایە کە دەوڵەتەکان پێویستیان بە هاوکاری و دروست کردنی هاوپەیمانی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دیکە بۆ بەرەنگاربوونەوی هەڕەشەکانی دەرەکی.[7]

میرشایمەر جەخت لەو دەکاتەو کە هاوپەیمانییە سەربازییەکان ئامرازێکی سەرەکین بۆ دروستکردنی هاوسەنگی هێز (Balance of Power)، ئەو دەڵێت دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی سروشتی مەیلیان هەیە هاوپەیمانی لە دژی دەولەتە بەهێزو باڵادەستەکانی دیکە پێکبهێنن بۆ ئەوی ڕێگر بن لە زاڵبوونی ئەوان بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیدا، ئەم دیاردەیە لە مێژووی شەڕە جیهانییەکان و سەردەمی شەڕی ساردا بەدی دەکرێت هەروەها ئاماژە بە تەحەددیاتی پێکهێنان و پاراستنی هاوپەیمانی سەربازی دەکات کە زیاتر بۆ بەرنگار بوونەوەی مەترسی دژبەرەکانە و پێی وایە ناکۆکی ناوخۆیی و بەرژەوندییە دژبەیەکێکانی ئەندامان و پرسی (Free Riding) دەتوانێت کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ئامانجی هاوپەیمانەتییەکان، بەڵام جەخت لەوەش دەکاتەوە کە لە بارودۆخی هەڕەشەی توندا، حکومەتەکان بە گشتی ئەم تەحەددایانە پشتگوێ دەخەن و ڕوو لە پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوکاری دەکەن.[8]

ستیڤن واڵت (Stephen Walt) مامۆستای زانکۆی هاروارد و یەکێک لە لایەنگرانی تیوری ریالیزمی بەرگیری، باس لەو دەکات مەبەستی سەرەکی حکومەتەکان کاتێک هاوپەیمانی پێکدەهێنن هاوسەنگی هێز نیە وەک ئەوەی مێرشایمر باسی دەکات بەلکو دەولەتان بە پێویستی دەزانن هاوسەنگییەک لە دژی هەڕەشەیەک دروست بکەن (گریمانەی هاوسەنگی هەڕەشە) و بەم شێویە هاوپەیمانیەک دروست دەبێت.

---

[7] Mearsheimer, John J, The Tragedy of Great Power Politics, New York, 2001, W.W. Norton & Company, Chapter 6, (Anarchy and the Struggle for Power)

8 Mearsheimer, John J, Chapter 7,( Balancing and Buck-Passing)

[1] بەڵام دروستكردنی هەر هاوپەیمانییەک یان لێکنزیکبوونەویەک، گرێدراو بە ڕێژەی یەکگرتوویی و هێزی گروپەکە، کە دەتوانێت ئازادی کارکرنی وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی و ئازادی لە شێوازی کار کردنیان کەم بکاتەوە و تێچوویەک بەسەریاندا بسەپێنێت.[2] کە واتا لە لای واڵت بنەمایەکی سەرەکی لە دروست بوونی هاوپەیمانەتی بوونی هەرەشەیە.

ڕاندال شوێلەر (Randall Schweller) ڕەخنەی لە تیۆری هاوسەنگی هێز و هاوسەنگی هەڕەشە دەگرێت و لە بەرامبەردا تیۆری هاوسەنگی بەرژەوندیی خستەڕوو. شوێلەر دەڵێ "گرنگترین دیاریکەری هاوپەیمانەتی، یەکگرتنی ئامانجە سیاسییەکانە، نەک ناهاوسەنگی هێز یان هاوسەنگی هەڕەشە". واتا بە بۆچوونی ئەو گرنگترین توخمی دیاریکەری هاوپەیمانیەک، یەکگرتنی ئامانج و بەرژەوندییە سیاسییەکانە نەک نەبوونی هاوسەنگی هێز یان هەڕەشە. بە وتەی شوێلەر، ڕەفتاری وڵاتێک لە هاوپەیمانی بە هۆکاری بوونی هەرەشە یان مەترسی دەرەکی نایێت ، بەڵکو بە هەلی دەسکەوت و قازانج و بوونی بەرژەوندی هاوبەش دیاری دەکرێت.[3]

لە بەرامبەر ئەم تیۆریانە جۆزێف نای (Joseph Nye) یەکێک لە تیوریسیەنەکانی پەیوندیە نێودەولەتیەکان و داهێنەری چەمکی هێزی نەرم (Soft Power)،سەبارەت بە چەمکی هاوپەیمانی تیۆرییەک تەڕح دەکات بە ناوی تیۆری هەژموونی و باس لەوە دەکات کە دروستبوونی هاوپەیمانییەکان لەسەر هەژموونی دروستکەری هاوپەیمانیەکە دەمێنێتەو واتە هێزی نەرم، دەسەڵات و هەژموونی دامەزرێنەرە کە وا دەکات کە هێزەکانی تریش بێنە ناو هاوپەیمانییەکە[4] بۆ نموونە کاتێک وڵاتێکی وەکو ئەمریکا هاوپەیمانییەک دروست دەکات ئەوانەی کە لە ژێر هەژموونی ئەم وڵاتە دان، هەوڵ دەدەن بە هۆی ئەو هەژمونی کە ئەو وڵاتە هەیەتی بڕۆنە ناو ئەو هاوپەیمانییە، کە واتا ئەم هەژموونیە بە جۆرێک دەچێتە چوارچێوی هێزەکی نەرم و لە سەر بنەمای هاوکاری نێودەولەتی.

بە گشتی وڵاتان بە هەر هۆکارێک بێت لە هندێک هەلوەمەرجی تایبەت وەک بوونی هەرەشە، بەرژەوندی، هەژموونی وڵاتانی دیکە و هاوسەنگی هێز دەچنە ناو هاوپەیمانیەتی.

لەم ناودا بۆزان و ویڤێر لە زانایانی قۆتابخانەی کۆپێنهاگن لە کتابە هاوبەشەکەیان بە ناو نیشانی (ناوچەکان و هێزەکان) باس لەو دەکەن کە هیچ وڵاتێک بە تەنیایی ناتوانێت پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت بۆ دابینکردنی ئاسایش و بۆ خوێندنەوی ئاسایشی خۆی تەنیا پشت بە فاکتەرە ناوخۆیەکان ببەستێت، و لە پاڵ ئەمەش ئەوان وڵاتانی ناوچەیی بە باشترین ئەکتەر دەزانن بۆ دروست کردنی هاوپەیمانیەتی.[5]

## بەشی دووەم: داعش؛ رەگ و ڕیشەی هزری، سەرهەڵدان

سەبارەت بە دەرکەتنی داعش ڕای و بۆچوونی زۆر جیاواز هەیە، کە هەندێکیان باسی لەوە دەکەن کە داعش بە جۆرێک واقیعێکی کەلتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی جیهانی ئیسلامە، کە لەم کاتەدا خۆی بە دەرخستووە هەروەها هەندێکی تر داعش بە کاردانەویەکی توندی بەرەی سوننە لە ناوچەکە دەزانن، کە هەوڵیان دا وەک تەوژمی ئیسلامی دووبارە هەلسنەوە، بەتایبەت لە عێراق و لە دوای لە دەستدانی دەسەڵاتیان، لە لایەکی تر هاتنی داعش دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ بەهێزبوونی ڕوانگەی سەلەفی جیهادی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامدا، کە ئەم تەوژمە چەکدارییە ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٧٠ لە میسر، محمد عەبدولسەلام فەرەج یەکێک لە کەسەکانی کە بیر و باوڕی جیهادی سەلەفی پەرە پێ داوە و بەشێکی ڕێرەوی فکری داعش لە سەر هەمان بنەما دەچێت، باس لەو دەکات کە پێویستە سەرەتا

---

1 Piccoli, Wolfango ,Alliance Theory: The Case of Turkey and Israel, 1999, https://ciaotest.cc.columbia.edu/wps/pic01/

2 Gelpi,Christopher (1999), Allance as Instruments of Intra Allied Control, in Haftendorn,Keohane and Wallander,op.cit.1999. p 107

3 Waltz, Kenneth, PP 91-97

4 -Brilmayer,Lea (1994), American Hegemony, New Haeven: Yale University Press , 1994, P 14

5 بوزان ،باری ،١٣٩١ مناطق و قدرتها ترجمه رحمان قهرمان پور انتشارات پژوهشكده مطالعات راهبردی، تهران، ص ٥٤

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

شەڕ لەگەڵ دوژمنە نێزیکەکان بکرێت، چونکە ئەمانە لایەنگیری کفرن دواتر دوژمنە دوورەکان. ئەمەش هەمان ڕێرەوی فکری داعشە کە وای کرد لەمر ناوچەیە لە دژی وڵاتەکانی ئیسلامی جیهاد دەست پێبکات[1].

ڕەگ و ڕیشەی داعش دەگەڕێتەو بۆ (جەماعەتی تەوحید و جیهاد) کە لە ساڵی ١٩٩٩ کە بە سەرکردایەتی ابو مصعب الزرقاوی بنیاد نرا و لە ساڵی ٢٠٠٤ پەیوندی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کرد و دواتر بوو بە لقی ئەلقاعیدەی عێراق، ئەمر گروپە کە لەگەڵ حکومەتی عێراق و هێزە ئەمریکییەکان کەوتنە شەڕە و لە ساڵی ٢٠٠٦ توانیان لەگەڵ چەند گروپێکی تری ئیسلامی هاوپەیمانی بکات و ئەنجوومەنی موجاهیدین پێک بێنن* بەڵام ئەبوو موسعەب زەرقاوی لە هەمان ساڵ کوژرا، و لە پاش زەرقاى دوو سەرکردەی تری ئەمر ڕێکخراو بە ناوەکانی ئەبوو ایوب مسری و ئەبوو عومەر بەغدادی کە هەردووکیان جێگرەوی ئەبوو مەسعەب زەرقاوی بوون، لە ١٨ نیسانی ٢٠١٠ لە چالاکییەکی سەربازی هێزەکانی ئەمریکادا کوژران، ئەمەش وای کرد ڕێگە بۆ ئەبووبەکر بەغدادی وەکوو سەرکردەی نوێ ڕێکخراوی القاعده عراق خۆش بێت، و توانی لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٣ چالاکییەکانی خۆی لە سوریا بەرفراوان بکات و سرنجی زۆری لایەن و کەسایەتیەکانی توندرەوی لە جیهان بۆلای خۆی راکێشا[2].

.

سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە سوریا و هاتنی لایەنگران و هاوفکرەکانی قاعیدە لە هەموو جیهان بۆ ناو سوریا، لەگەڵ فەتوای ئەیمەن زەواهیری (سەرۆکی قاعیدە)، ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق ڕووی لە سوریا کرد و دەستی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری سوریادا گرت[3] ، ئەمر پایەمە زەواهیری هاندانێکی بەهێز بوو بۆ بەشداری جیهادیەکان لە شەری سوریا [4]بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی سۆفان بۆ ڕاوێژکاری ئاسایش لە نیویۆرک، ئاماژەی پێکردوە کە ژمارەی ئەو چەکدارە بیانیانەی کە لە هەموو جیهان خۆیان گەیاندبووە ڕێکخراوی تیرۆریستی القاعدە، نزیکەی ٢٧٠٠٠ هەزار کەس دەبوون کە زۆربەیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست، باکووری ئەفریقا، و وڵاتانی تری عەرەبی وەکوو سعودیا، تونس، هەروەها وڵاتانی ئەوروپی، تورکیا و چەندین وڵاتی دیکە کە ژمارەیان دەگەیشتە ٨٨ وڵات، هاتبوون [5].

بە تایبەت ئەو کات کە وڵاتی تورکیا ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ گواستنەوەی ئەو کەسانی وەک، سەلەفییە جیهادییەکان و توندڕەو ئاینییەکان کە لە ڕێگای تورکیا بڕۆن بۆ سوریا و هەموو جۆرە ئاسانکارییەکی بۆیان دەکرد، چونکە لەو کات دەوڵەتی تورکیا بە توندی دژی رژێمی بەشار ئەسەد بوو و هەوڵی تەواوی دەدا بۆ ڕووخاندنی، ئەمەش وەک ئەو ڕۆڵە بوو

---

1ڕەحمان، ئەرسەلان، شەڕی دەروونی داعش و ڕەنگدانەوەی لە میدیای کوردی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥، لل ٦٧-٨٠.

*پێکهاتبوون لە: (تنظيم القاعدة في بلاد الرافدين، سرايا أنصار التوحيد، جيش الطائفة المنصورة، كتائب الأهوال، سرايا الجهاد الإسلامي، جيش أهل السنة والجماعة، سرايا الغرباء، سرايا الفرسان التوحيد، سرايا ملة إبراهيم، كتائب كوردستان، كتائب المرابطين، جيش الفاتحين، كتائب من الجيش الإسلامي، كتائب من أنصار السنة، كتائب من جيش المجاهدين، كتائب ثورة العشرين، كتائب من عصائب العراق الجهادية وكتائب من جيش أبي بكر السلفي.)

2بهروز دریکوند، کیومرث یزدان پناه درو، رزیابی ساختار ثبات و امنیت منطقه ای فضاهای جغرافیایی و ژئوپلیتیکی پسا داعش در منطقه غرب آسیا (مطالعه موردی عراق، فصلنامه علمی پژوهشی جغرافیا (برنامه ریزی منطقه ای سال نهم، شماره ٢ بهار ١٣٩٨ صص: ٥٩٧-٥٧٩

3ابراهیم نژاد، محمد، فرمانیا، مهدی ، داعش، دارالاعلام لمدرسه اهلالبیت،چاپ دوم، ١٣٩٣،ص١٠

4 یونس، وریا، دەرکەوتنی خوێناوی داعشلە جەنگی دژواردا،بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێنخانەکان، سپاردنی ٤٠٧، ساڵی ٢٠١٧، ل ٤٢

5کامەران مەنتک، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕێکخراوی داعش لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چاپخانەی سەردەمر، ساڵی ٢٠٢٠، لاپەڕەی ٣٩.

که پاکستان له هەشتاکان بۆ گواستنەوی جیهادییەکان بۆ ئەفغانستان دەیگێڕا، ئەمەش وای کرد خاکی سوریا وەک لایەنێکی سەرەکی ببێتە هۆی بەهێزبوون و بەرەو پێشچوونی ڕێکخراوی تیرۆریستیەکان.[1]

یەکگرتووی ئەلقاعیدە لە سوریا زۆری نەخایاند، کە بووە هۆی ناکۆکی ناوخۆیی لە نێوان گروپە جیاوازەکانی قاعیدەی سوریا بە سرکردایەتی ابو محمد جولانی وەک قاعیدەی سوریا (بەرەی نوسرە) و قاعیدەی عێراق بە سەرکردایەتی ئەبوبەکر بەغدادی کە داوتر بە هۆی ناوبژیوانی ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی قاعیدە بریاردار بە گەڕانەوی ئەلقاعیدە عراقی بۆ وڵاتی خۆیان ، بەڵام وا دیار بوو ئەم فەرمانە بە دڵی ئەبووبەکر بەغدادی نەبوو و لە ئەنجامدا بەیعەتی خۆی بۆ ئەیمەن زەواهیری شکاند و ڕایگەیاند کە جگە لە ئوسامە بن لادن هیچ سەرکردەیەکی تر ناناسەر، و دواجار ئەو گروپە لە قاعیدە جیابوونەوە و لە پاش داگیر کردنی شاری موسل (٢٠١٤/٦/٢٩) وتەبێژی داعش ئەبوو محمد ئەلعەدنانی خەلافەتی ئیسلامی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)ی ڕاگەیاند، و ناوی ئەبووبەکر بەغدادی بە خەلیفە هێنا، هەروەها باسی لەوە کرد کە لەمەوبەدوا ناوی گروپەکەیان گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەبێت، و لەگەڵ ئەوش ئەبووبەکر بەغدادی خەلیفەی موسڵمانانە.[2]

دواتر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش توانی بە هۆی ئەو هەلومەرجە لەبارەی کە لە عێراق بۆی ڕەخسا بوو لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دەست بە سەر شاری موسڵ دابگرێت، بێگۆمان ئەم ڕێکخراوە ڕەگ و ڕیشەی لە ناو ناوچە سونییەکاندا بەهێز بوو بەڵام بێجگە لە داعش هەندێک گرووپی تر هەبوون کە پێویست بوو داعش پێش ئەوەی هێرش بکاتە سەر شاری موسڵ پەیوندی لەگەڵ ئەو گروپانە دروست بکات، کە ئەنجامیشیدا و زۆر هاوکار بوون بۆ داگیر کردنی شاری موسڵ بۆ داعش، گرنگترینی ئەم گروپانە بریتی بوون لە (لەشکری موجەهەدینی سەلەفی، لەشکری تەریقەتی نەقشبەندی، ڕێکخستنی ئەنسارو سوننەی جیهادی و هەروەها بەشێک لە ئەفسەرانی پێشووی سوپای هەڵوەشاوەی بەعس) کە یارمەتیدەری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوون بۆ داگیرکردنی مووسڵ.[3]

ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پێشتر هێزە عێراقیەکان و نووری مالێکی سەرۆک وەزیرانی ئەو کات ئاگاداری ئەم بابەتە بوون و چەند مانگ بەر لەمر ڕووداوە لە ڕێگای سەید عەمارحەکیم، دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێس کە جێگری سەرۆکوزیرانی عێراق بوو و هەروها لە ڕێی ڕۆبێرت ستیڤن بیکرۆفت باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق، لە لایەن بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێم ئاگادار کرایەوە کە تیرۆریستان لە ڕۆژئاوای نینەوا لە نزیک ناوچەی حەزرە خەریکی چالاکی و جموجۆڵی بەردەوامن و مەترسی کەوتنی مووسڵ لە ئارادەیە بەڵام ئەو کات مالێکی ئەم هۆشدارییانەی بە هەند ورنەگرت[4] هەروەها ئەندیپێندنت پۆست نووسیویەتی هەوالگەری هێزەکانی پێشمەرگە و ئاژانسی پاراستنی کوردستان لە کەناڵەکانی ڕاستەوخۆ هەوڵیان داوە کە زانیارییەکان گرنگ لە ڕێگەی سوپاسالاری ئەو کاتی عێراق بەڕێز بابەکر زێباری بگەینە سەرۆک وزیرانی سەبارەت بە هێزەکانی داعش ئەمەش ٢٤ کاتژمێر پێش هێرشی داعش بەڵام هیچ وڵامێکیان پێ نەدراوتەوە[5]. کە دواجار ئەمە بۆ هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری پارێزگا و شاری موسڵ بکەوێتە دەست تیرۆریستانی داعش و بووە هۆی ئەنجامدانی تاوانی بەربڵاو لە دژی خەڵکی سڤیل و ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی فراوانخوازی داعش سەلماندی کە ئەم گروپە تیرۆریستیە مەترسییەکی جدی ئاسایشە بۆ سەر هەموو ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش.[6]

---

1ناجح، ابراهیم ،النجار، هشام، داعش(السكين التى تذبح الاسلام) ، دارالشرق، القاهره، مصر، ٢٠١٤، ص٤٧

2ابراهیم نژاد، محمد، فرمانیا، هەمان سەرچاوە ص ١١-١٢

3یونس، وریا ، سەرجاوەی پێشوو ، ل٦٤

4بارزانی، مەسعود، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ئەیلوولی ٢٠٢٠، ل ٥٣ - ٥٤.

5مەهدی، قارەمان، شەڕی داعش و هێرشی حەشد، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردن ٨٣، ساڵی ٢٠١٩، هەولێر، ل ١٦

[6] Carmen-Cristina Cîrlig, "The International Coalition to Counter ISIL/DAESH", European Parliamentary Research Service, 17 March 2015, p. 2.

هلاری کلینتۆن لە کتێبەکەی بە ناوی هەلبژاردەی قۆرس (Hard Choices) سەبارەت بە هۆکاری سەرهەڵدانی داعش دەلێت "سەرهەڵدانی داعش لە سوریا و عێراق دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو پشێوی و بۆشاییەی دەسەڵات بوو کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە سوریا و هەروەها ئەو بۆشاییەی کە کشانەوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دروستی کرد بو و ئێمە ڕووبەڕووی تەحەدایەکی سەخت بووینەو لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم هەڕەشەیە لە ناوچەکەدا".[1]

لێدوانەکانی هلاری کلینتۆن لەم کتێبە لە سەر ناوچەکە و داعش و پاشەکشەی ئەمریکا لە ناوچەکە و پشتیوانی لە رووخانی بەشار ئەسەد لەسالانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٣ هەروەها لە کاتی هاتنی داعش بۆ عێراق و نیزیک بوونە لە بەغدا کە لە سەرەتا دا ئەمریکا زیاتر چاودێری بارۆدۆخەکەی دەرکرد، وای کرد زۆر جار کابینەی باراک ئوباما تۆمەتبار بکرێن بە هۆکاری سەرهلدان و بەهێز بوونی داعش بە تایبەت لە لایەن دونالد ترامپ، کە هەلەکانی کابینەی باراک ئۆباما و هلاری کلینتۆن بە هۆکاری دروست بوونی داعش دەزانێت.[2]

## بەشی سێیەم: هاوپەیمانی نێودەولەتی

### باسی یەکەم: دروست بوونی هاوپەیمانی نێودەلەتی دژی داعش

هاوپەیمانی نێودەولەتی دژی داعش هاوپەیمانییەکی سەربازیە ( The Military Coalition) کە لە سالی ٢٠١٤ لە کاردانەوەی دەرکەوتنی داعش دروست بوو، مێژووی هاوپەیمانیەکانی سەربازی دژی دیاردەی تیرۆر دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ١١ی سپتەمبەر و یەکەم هاوپەیمانی دژی تیرۆر کە لە سالی ٢٠٠١ بە سەرکرایەتی ئەمریکا دژی گروپی تالبان و القاعیدە لە ئەفغانستان دروست بوو.[3] هەرچەندە ئەم هاوپەیمانییە هەم لە رووی زۆری ئامانجەکان و هەم لە رووی ڕێژەی زۆری بەشداری وڵاتان و بەشدار نەبوونی هێزی زەمینی، لەگەل هاوپەیمانی ئەمریکا لە سالی ٢٠٠١ی ئەفغانستان و ٢٠٠٣ی عراق جیاوازی هەیە و تەنیا خالی سەرەکیان ئەوەیە کە لە سەر دەستی ئەمریکا و بە خواستی ئەم وڵاتە بۆ بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر پێکهێنراون.

لە سالی ٢٠١٤ هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆسەر پێشمەرگە و ناوچە کوردستانیەکان، وای کرد زور لە بەرپرسانی جیهان لەگەل سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بێنە سەر هێل بۆ دەربرینی ئامادەی خۆیان بە مەبەستی پشتیوانی هەرێمی کوردستان لەم کاتە هەستیارە و بەشیکی زۆری سەرکردەکانی سەربازی و سیاسی جیهان پەیوەندیان بە بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستانەوە دەکرد بۆ ئەم مەبەستە بە تایبەت لە ٧ ئاگۆست کە مەترسی لە سەر کوردستان زیاتر بوو[4].

باراک ئۆباما لە رێکەوتی ٧ ئاگۆست بە روونی ئەمەی راگەیاند کە هێرشکردنە سەر دۆستەکانمان و نێزیک بوونەوەی داعش لە شاری هەولێر و هەروەها هێرش بۆ سەر دامەزاروەکانمان وەک کۆنسولخانەکان و هەرەشە کردن لە ئەمریکا لە هەر شوێنەک هێلّی سوورە و لە لەلایەکی دیکە کۆمەلکوژی و ئاوارە بوونی کوردانی ئیزدی و مەسیحیەکان و مەترسی بۆسەر ژیانیان شتەکی قەبول کار نیە و ئیمە چاو پۆشی لێ ناکەین و بە هەموو شێویەک ئێمە بەرەنگاری ئەو تیرۆریستانە دەبینەو.[5]

---

[1] Clinton, Hillary Rodham. 2014. Hard Choices. New York: Simon & Schuster,pp 392-400

[2] Trump ,Donald, WSJ,Trump Calls Clinton the 'Founder of ISIS', wsj,2016 https://www.wsj.com/video/trump-calls-clinton-the-founder-of-isis/59544B5A-1C2A-4F49-91F6-A94B1AACB387?mod=article_inline

[3] فتاح، ئومێد . کاکەمین، زانا، بنەما یاساییەکانی جەنگی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە عێراق، المجلە اعلمیە الجامعە جیهان _سلێمانی، المجلد ٤، العدد٢، کانون الاول ٢٠٢٠ ، ل ٩-١٠

[4] بارزانی ، مەسعود ، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی ٢٠٠٣-٦، ٢٠١٦ ، بەشی ٢، چاپخانەی ڕۆکسانە، ساڵی ٢٠٢٢، لل ٣٨.٣٩.

[5] Obama ،Barack,President Obama Makes a Statement on the Crisis in Iraq,2014, obamawhitehouse, https://obamawhitehouse.archives.gov/blog/2014/08/07/president-obama-makes-statement-iraq

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دوا به دوای لێداوانی ئۆباما له ڕێگەی پەیوندی تلەفۆنی نێوان بەرێز سەرۆک مسعود بارزانی و جۆ بایدن کە ئەو کات جێگری سەرۆک کۆمار ئەمریکا بوو ئامادەی خۆیان بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی و پشتیوانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و یەکەم لێدانی ئاسمانی لە لایەن فرۆکەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتی ٨ ئاگۆستی ٢٠١٤ بۆ سەر داعش بەرێوچووو[1] لە نێزیک شارۆچکەی مخموور.

هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا بۆ ماوە یەک مانگ توانیان لە ڕێگەی پشتیوانی ئاسمانی وەک تاکە وڵات ، یارمەتی هێزە کوردیەکان بدەن و زیاتر لە ١٥٠ هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر پێگەکانی داعش کە بووە هۆی کوژران لە ناو بردنی چەکەکانیان [2] دواتر لە کۆتایی لوتکەی ناتۆ کە دوو ڕۆژی خایاند لە نیۆپۆرتی ئینگلتەرا، سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما بۆ یەکەمین جار، پێشنیاری پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشی کرد[3] کە بووە سەرەتایێک بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی جیهانی و دوای کۆبوونەوی لوتکەی ناتۆ لە وێلز،لە ڕۆژانی ٤و٥ سپتامبەری ٢٠١٤، نۆ وڵاتی (فەرەنسا، بەریتانیا، دانیمارک، ئەڵمانیا، کەنەدا، تورکیا، ئیتاڵیا، پۆڵەندا و ئوسترالیا ) بۆ بەرنگار بوونەوی داعش پەیوندیان بە ئەمریکا کرد.[4] و ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئەمریکا و ڕێکخراوی ناتۆ بە کۆلەکەی سەرەکی و دەستەی پێکهێنەری هاوپەیمانیەتی دژی داعش هەژمار دەکرێن لە هانگاوەی یەکەم بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی جیهانی دژی داعش.[5]

له لایەکی دیکە لە ١٠ی سپتەمبەر کە ڕۆژێکی گرنگە بوو، تێیدا باراک ئوباما بە ئاشکارا ڕایگەیاندن کە ئیمە داعش بە هەرەشە بۆ سەر هەموو جیهان دەزانین و دەست دەکەین بە پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی جیهانی دژی داعش بۆ هاوکاری عێراق، وئەم ڕۆژە لە لایەن زۆر لە وڵاتان بە ریکەوتی ڕاگەیاندنی پێکهێنانی هاوپەیمانی دەناسرێ[6]

لە ١١ی سپتەمبەری هەمان ساڵدا لە دانیشتنی جەدە کە لە سەر داوی ئەمریکا ئەنجامدرا و پێکهات بوو لە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوکاری کەنداو (GCC)، ١٠[7] وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست کە بریتی بوون لە (سعودیە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، بەحرەین، کوێت، قەتەر، عومان، میسر، عێراق، ئوردن و لوبنان) کە لە دانیشتنی جەدە لە سعودیا ئەونجام دارا، پابەندبوونی خۆیان بە پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوی داعش ڕادەگەیەنن و لە کۆتای کۆنفرانسی جەدە جۆن کێری، وزیری دەرەوی ئەمریکا وتی: زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ لێرە بوون هەموویان

---

[1] بارزانی ،مەسعود ، سەرچاوەی پێشوو، لل ٣٨.٣٩.

[2] Obama ،Barack ، Statement by the President on ISIL ،obamawhitehouse, , 2014, https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/09/10/statement-president-isil-1?utm_source=chatgpt.com

[3] Obama ،Barack, Remarks by President Obama at NATO Summit Press Conference,2014 https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/09/05/remarks-president-obama-nato-summit-press-conference

[4] Obama ،Barack, Obama: Nato coalition ready to join US against IS, bbc,2014 https://www.bbc.com/news/world-us-canada-29085248

[5] Martin, Patrick , US forms ten-nation coalition to escalate war in Iraq, Syria,wsws, 2014, https://www.wsws.org/en/articles/2014/09/06/isis-s06.html?utm_source=chatgpt.com

[6] Obama ،Barack, Statement by the President on ISIL, The White House Office of the Press Secretary, 2014 https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/09/10/statement-president-isil-1?utm_source=chatgpt.com

[7] US.DEPARTMENT of STATE,Jeddah Communique, 2014, https://2009-2017.state.gov/r/pa/prs/ps/2014/09/231496.htm

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

پابەندبوون بە ڕۆڵگێڕان لە گەیشتن بەو ئەرکە.[1] گرنگی ئەم کۆنفرانسە لەوەدا بوو کە سەرەتایەکی باش بوو بۆ دانیشتی پاریس و دروست کردنی هاوپەیمانیەتی دژی داعش.

ئەمریکا لەم ماوەیەدا کە سەرقالی پێکهێنانی هاوپەیمانی بوو لە سەر داوای سەرۆکی هەرێم، بەڕێز مسعود بارزانی ڕاستەوخۆ هێرشەکانی دەست پێکردبوو، هەرچەندە لە مانگی جوون یەک مانگ پێشتر، هوشیار زیباری کە لە سعودیا بوو ڕایگەیاند کە عێراق داوای لە ئەمریکا و کۆمەڵگای جیهانی دەکات بۆ هاوکاری ئاسمانی[2] و لە ڕێکەوتی ٢٥ هەمان مانگ بەشێوەی فەرمی داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش و ئەمریکاش کرد بوو بۆ هاوکاری عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش[3] بەڵام لەو کات ئەمریکا و کۆمەڵگای جیهانی زیاتر چاودێری بارۆدۆخەکەیان دەکرد و زیاتر وەک شەرێکی ناوخۆی و مەزهەبی دەیان ڕوانیە ئەم بابەتە هەروەک ئۆباما لە کۆشکی سپی لە ٧ ئاگۆست باسی لەوە کرد بوو کە تا ئێستا ئێمە چاودێری بارۆدۆخەکەمان دەرکرد بلام ئێستا داعش لەگەل چوونی بەرەو شاری هەولێر کە لە ڕوانگەی ئەمریکا هێلی سۆرە بوو، بۆتە مەترسیەکی جدی[4]، ئەمەش زۆر جار وا لێکدەداریەوە کە ئەمریکا تا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان نەکەوتە مەترسی ئامادە نەبوو بەشداری لە شەری داعش بکات.

دواتر لە ١٥ سێپتامبری ساڵی ٢٠١٤ لە کۆنفرانسی پاریس بناغەی دروست بوونی کردەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئەنجام درا، لەم کۆنفراسە کە ٣٠ وڵات تێیدا بەشدار بوون لە سەر پێشنیار و ئامادەبوونی فرانسوا ئۆلاند سەرۆکی ئەو کاتی فەڕەنسا ئەنجام درا و بەڕێز فواد مەعسووم سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق، وەک نوێنەری عێراق لەو کات بەشداری بوو[5] لەم کۆنفرانسە دا، ئۆلاند گروپی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی بە هەڕەشەیەکی جیهانی وسف کرد و ڕایگەیاند، بۆ وڵامدانەوی و بەرنگار بوونەوەی ئەم هەرەشەیە پێویستمان بە کاردانەویەکی جیهانی هەیە هەروها جۆن کێری، وزیری دەرەوی ئەمریکا کە لەم کۆنفرانسە رایگەیاند، ئێستا هاوپەیمانیەک لە ٤٠ وڵات پێکهاتوو کە لەنێوانیاندا وڵاتانی عەرەبیش بەشدارن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوی گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا.[6]

پاش ئەم کۆنفرانسە دەست کرا بە بەرەنگار بوونەوەی داعش لە عێراق و سوریا بە شێوەیەکی کرداری بە هاوکاری زیاتر لە ٤٠ وڵاتی ناو هاوپەیمانی، لەم قۆناغەدا دەوەلەتی عێراق بۆ جاری دووەمر لە ٢٠ سپتامبەر ٢٠١٤ لە نامەیەکدا کە لە لایەن ئیبراهیم جعفری وەزیری پێشووی دەرەوەی عێراق کە لە لایەن نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان درایە ئەنجوومەنی ئاسایشی، لەگەل ئاماژە دان بە پاراستنی سەروەری عێراق، ڕەزامەندییەکی ئاشکرای خۆی دەربڕی بۆ داواکردنی هاوکاری و

[1] hurriyetdailynews, Coalition meets after Obama's anti-ISIL call - World News ,2014, https://www.hurriyetdailynews.com/coalition-meets-after-obamas-anti-isil-call-71614

[2] Hoshyar Zebari, Iraq Asks the U.S. to Launch Air Strikes Against Sunni Militants ,time, 2014, https://time.com/2898854/iraq-wants-us-air-strikes/?utm_source=chatgpt.com

[3] Letter dated 25 June 2014 from the Permanent Representative of Iraq to the United Nations addressed to the Secretary-General, https://digitallibrary.un.org/record/773863?v=pdf

[4] Obama ،Barack,President Obama Makes a Statement on the Crisis in iraq ،obamawhitehouse.archives،2014,https://obamawhitehouse.archives.gov/blog/2014/08/07/president-obama-makes-statement-iraq?utm_source=chatgpt.com

[5] FRANCE 24, Paris summit vows to defeat IS by 'any means necessary',2014, https://www.france24.com/en/20140915-islamic-state-paris-france-summit-hollande-iraq-usa-kerry-eu?utm_source=chatgpt.com

[6] بی بی سی فارسی ، اغاز اجلاس مقابله با داعش بدون حضورایران، ٢٠١٤، https://www.bbc.com/persian/iran/2014/09/140915_l57_is_france_conference

هاتنی هێزی ئەمریکا و وڵاتانی ناو هاوپەیمانی بۆ یارمەتی عێراق لە شەڕی دژە ڕیکخراوی تیرۆریستی داعش.[1] ئەمە داواکارییەی عێراق لەم کاتەدا دا بوو کە ئەمریکا ماوەی زیاتر لە یەک مانگ بوو لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی بەردەوام بوو لە پێکانی مۆڵگەکان و چەکدارانی داعش و هەموو هەولەکانی بۆ پێکهاتنی ئەم هاوپەیمانییە چڕ کردبوویەوە و ئەم داوەکارییەی عێراق ڕێگە خۆشکەر بوو شەرعیەت دان بە لایانی یاسای ئەم جەنگە.

لەگەل ئەوی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر داعش دەست پێ کردبوو، بەڵام ئەمریکا بەردەوام بوو لە کۆکردنەوی ئەندامی زیاتر بۆ ناو هاوپەیمانی دژی داعش، باراک ئۆباما لە ٢٤ی سپتامبەر لە کۆبوونەوی گشتی نەتەو یەکگرتووەکان داوای لە ئەندامانی نەتەو یەکگرتووەکان کرد کە پشتیوانی لە هێزەکانی هاوپەیمانان بکەن.[2] هەروەها لە ٣ دیسامبەری ٢٠١٤ لە کۆبوونەوی بروکسل کە لە بەلجیکا بەڕێوچوو لەگەل هاتنی ئەندامی نوێ، ٦٠ وڵات لە لایەن جون کێری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بانگهێشت کران وەک یەکەم دانشتین پاش پێکهێنانی هاوپەیمانی ، لەگەڵ ئەوشدا شێوازی بەشداریکردنی ئەو وڵاتانە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی جیاواز بوو و هەریەک لەو وڵاتانە بە پێی ئەو ئەرکانەی کە هاوپەیمانەتی دیاری کردبوو بۆ لەناوبردنی داعش، بەرپرسیارەتی جیاوازیان لە ئەستۆ گرت کە ئەرکەکان ئەمانە بوون: ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی، ڕاوێژکار سەربازی، ڕێگریکردن لە هاتنە ناووی تیرۆریستان بۆ ناوچەکە، بڕینی سەرچاوی ماددی و سەرمایەی دارایی داعش، و هەروها بەرەنگاربوونەوی ئایدۆلۆژیا و شەرعییەتی فیکریی داعش واتا هەر ئەندامێک بە پێی توانای خۆی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەشداری کرد، بەم شێوەیە دوای کۆنفرانسی برۆکسل، ئەندامانی هاوپەیمانی گەیشتنە ٦٠ وڵات[3].

لە کۆتا قۆناغ بە پێی ئاماری ڕاگەیاندنی هاوپەیمانەتی پێک هاتبوو لە ٨٠ وڵات (١٩ وڵات ئەفریقا ،٣ وڵات ئەمریکا،١٢ وڵات ئاسیا، ٤٠ وڵات ئەوروپا و ١١ وڵات لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست) لەگەل ٥ ناوندی سیاسی وسەربازی (ناتۆ، نەتەویەکگرتۆکان، یەکیتی ئەوروپا و کۆمکاری عەرەبی، اینتر پۆل) کە پشتیوانی ئەم هاوپەیمانەتیەیان کرد[4] بەمەش گەورەترین هاوپەیمانەتی سەربازی لە مێژوو بەرامبەر بە مەترسیەک کە ئەویش ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو پێکهێنرا، هاوپەیمانییەکی جیهانی بە ناوی هاوپەیمانی نێودەلەتی دژی داعش لە عێراق سوریا بە دروشمی یەک ئەرک و گەلانی زۆر("ONE MISSION, MANY NATIONS")

سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەندامانی هاوپەیمانی پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەگەل ئەوەی ئەم هاوپەیمانییە لە ژمارەیەکی زۆر وڵات پێکهاتبوو بەلام ئەرک و بەرپرسیارەتی جیاوازیان هەبوو لە لێدانی ڕاستەخۆی پێگەکانی داعش تا دەگاتە تەنیا پشتیوانی مەعنەوەی لە کردەوەکانی ئەم هاوپەیمانییە، واتا ئەرکەکانی هەر وڵاتێک بە شێوەیەک هاوتا بوو لەگەڵ بەرژەوەندیە نیشتمانییەکانیدا، بەلام ئەرکە گرنگەکان لە لایەن چەند وڵاتێکی سەرەکی بەرێوە دەچوو وەک پشتگیریکردن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، بنیاتنانی توانا، و ڕاهێنان لە لایەن ئەمریکا و دەولەتی عێراق، وەستاندنی ڕۆیشتنی چەکدارە تیرۆریستییە بیانییەکان لەلایەن هۆڵەندا و تورکیا سەپەرشتی دەکرا، بڕینی دەستڕاگەیشتن بە دارایی و بودجەی

---

[1] al-Ja'fari ،Ibrahim, Letter dated 20 September 2014 from the Permanent Representative of Iraq to the United Nations addressed to the President of the Security Council , United Nations S/2014/691 ،Security Council, 2014, file:///C:/Users/paytekht/Downloads/S_2014_691-EN%20(1).pdf

[2] Obama ،Barack, Remarks by President Obama in Address to the United Nations General Assembly, obamawhitehouse,2014 https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/09/24/remarks-president-obama-address-united-nations-general-asSembly

[3] US.DEPARTMENT of STATE, Joint Statement Issued by Partners at the Counter-ISIL Coalition Ministerial Meeting, 2014, https://2009-2017.state.gov/r/pa/prs/ps/2014/12/234627.htm?utm_source=chatgpt.com

[4] U.S. Department of State , Home, Members ,The Global Coalition To Defeat ISIS,2015, https://www.state.gov/the-global-coalition-to-defeat-isis-partners/

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

داعش بە سەرۆکایەتی ئیتاڵیا، سعودیە و ئەمریکا، چارەسەرکردنی فریاگوزاری مرۆیی و قەیرانە پەیوەندیدارەکان لەلایەن ئەڵمانیا و ئیمارات و ئاشکراکردنی سروشتی ڕاستەقینەی داعش بە سەرۆکایەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، بریتانیا و ئەمریکا . لێرەدا بەشێک لە ئەرکی ئەندامانی ناو هاوپەیمانەتی بەشێوەی خشتە پێشان دەدەین:[1]

| Country | Training & Advising Contributions | Airstrike Contributions | Other Contributions |
|---|---|---|---|
| Australia | Approx. 380 personnel, incl. 80 special forces | F/A-18 fighters in Iraq & Syria | Approx. 400 personnel in support roles |
| Bahrain | N/A | Strikes in Syria; unspecified aircraft | N/A |
| Belgium | Approx. 35 personnel | 6 F-16s in Iraq | Approx. 120 support personnel |
| Canada | Approx. 210 personnel | N/A | Approx. 640 personnel incl. refueling and ISR |
| Denmark | Approx. 180 personnel | 7 F-16s in Iraq & Syria | Approx. 20 staff officers |
| Estonia | Approx. 10 trainers | N/A | N/A |
| Finland | Approx. 100 personnel | N/A | N/A |
| France | Approx. 1,000 personnel | Rafale & Mirage fighters in Iraq & Syria | Approx. 1,000 support personnel incl. naval assets |
| Germany | Approx. 150 personnel | N/A | Up to 1,200 personnel; Tornado ISR, tankers |
| Hungary | Approx. 125 personnel | N/A | IED training and arms donations |
| Italy | Approx. 1,500 personnel | N/A | Approx. 260 personnel; ISR & refueling |
| Jordan | Training grounds | Strikes in Iraq & Syria | Support personnel; base access |
| Latvia | 10 trainers | N/A | N/A |
| New Zealand | Approx. 105 personnel | N/A | C-130 transport aircraft |
| Netherlands | Approx. 150 personnel | F-16s in Iraq & Syria | Approx. 50 staff officers |
| Norway | Approx. 150 personnel | N/A | Some special operations forces in Syria |
| Poland | Approx. 60 personnel | N/A | 150 personnel; ISR with 4 F-16s |
| Portugal | Approx. 30 personnel | N/A | N/A |
| Qatar | Training grounds | N/A | Base access, transport, overflights |
| Saudi Arabia | Training facilities & basing | Strikes in Syria | N/A |
| Singapore | N/A | N/A | Tanker aircraft and HQ personnel |
| Spain | Approx. 300 personnel | N/A | N/A |
| Sweden | Approx. 35 trainers | N/A | N/A |
| Turkey | Training grounds | Strikes in Iraq & Syria | Artillery strikes; base access |
| United Arab Emirates | Unspecified personnel | Unspecified aircraft | N/A |
| United Kingdom | Approx. 400 personnel | Tornado, Reaper, Sentinel in Iraq & Syria | IED training program lead |
| United States | 4,647 in Iraq; 300 in Syria | Largest contributor in Iraq & Syria | Global support assets & operations |

**خشتەی ژمارە ١ (Military Coalition Contributions to Countering the Islamic State)**

**SOURCE: Congressional Research, Coalition Contributions to Countering the Islamic State, Updated August 24, 2016, pp 8- 11, file:///C:/Users/paytekht/Downloads/index_delayed_ui.pdf**

**باسی دووەم: هۆکارەکانی سەرەکی پێکهاتنی هاوپەیمانی نێودەلەتی**

**کاتێک باس لە هۆکارەکانی دروست بوونی هاوپەیمانی نێودەولەتی دژی داعش دەکەین پێویستە سەرەتا باس لە هۆکارەکانی یەکەمر وڵات بکەین کە لە پێش هاتنی هاوپەیمانان دەستی بە هێرش کرد بۆ سەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و هەر خۆشی بووە پێکهێنەری ئەمر هاوپەیمانەیە واتا ئەمریکا، لەگەل ئەوەی ئەمریکا لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش**

[1] Congressional Research, Coalition Contributions to Countering the Islamic State, Updated August 24, 2016, pp 8- 11, file:///C:/Users/paytekht/Downloads/index_delayed_ui.pdf

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

بۆ ناوچە کوردستانیەکان بە پلەی یەکەم هەوڵی پاراستنی بەرژەوندیەکانی خۆی دا وەک پاراستنی کۆنسولخانە و هاوڵاتیانی ئەمریکی لە هەرێم هەروەها بەرژەوندیە ئابووریەکانی وەک کۆمپانیا نەوتیەکانی وەک شیڤرۆن،[1] بەڵام بەگشتی ئەمریکا بە فەرمی ئامانجەکانی لەم سێ خالە دا باس دەکرد:

یەکەم: پاراستنی کارمەندان و بنکەکانی ئەمریکا لە هەولێر.

دووەم: پشتیوانی لە کوردەکان، کە بە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکان هەژمار دەکرێن.

سێیەم: ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەو و کۆنترۆڵی داعش بەسەر ناوچە کوردستیانیەکانی دەوڵەمەند بە نەوت، کە لەو کات گروپی تەکفیریی داعش هەموو هێزی خۆی لەسەر هێرشکردنە سەر کێڵگە نەوتی و گازییەکان و کۆنترۆڵکردنیان بە هەر ڕێگایەک چڕکردبۆو.

چوارەم: لە لایەکی دیکە کۆشتاری کەمینە ئاینی و نەتەوییەکان، کە داعش جینۆسایدێکی گەورە دژی ئیزیدییەکان و مەسیحەکان هەروەها بەشێک لە شیعەکان ئەنجام دا و بەشێکی زۆی ئەم هاوڵاتیانە لە دۆخێکی زۆر مەترسیدار دا بوون کە ئەمەش کاردانەوەی ئەمریکای لێکەوتووە[2]، جۆن کەری وزیری دەرەوی پێشووی ئەمریکا بە ڕاشکاوی ئەمەی ڕاگەیاند کە داعش تاوانێکی گەورەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، هەروەها هەوڵی لە ناوبردن و قەتڵوعامکردنی تەواوی پێکهاتە ئاینییەکان و نەتەوییەکانی دەدات لە عێراق کە ئەمەش شتێک نیە کە کۆمەڵگای جیهانی و ئەمریکا قەبوولی بکات.[3]

بەلام لەهەمان کاتدا واش لێک دەدرێتەوە کە لە پال ئامانجی سەرەکی، ئەریکا مەبەستی گەرانەوە بوو بێت بۆ رۆژهەلاتی ناوەراست و شەری تیرۆر درەفەتێکی باشە بوو بۆ ئەم مەبەستە، بەلام ئەم جارە لەگەل هێنانی هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوەی نە لە رووی سیاسی و نە لە رووی سەربازی تووشی گرفت بێت وەک ئەوەی لە ۲۰۰۳ رووی دا لە عێراق[4] لە هەمان کاتدا ئەمریکا هەول دەدات بە سەرکردایەتیکردنی هاوپەیمانی جارێکی دیکە هەژموونی خۆی لە جیهاندا بسەلمێنێت و بە تێوەگلانی ولاتانی ناوچەکە بە تایبەت ولاتانی دەولەمەندی عەرەبی لە شەڕەی دژی داعش هەستی دژە ئەمریکی لە سەر خۆی کەم بکاتەوە وله لایەکی دیکە بارگرانی تێچووی دارایی ئەم شەڕ لە سەر خۆی کەمدەکاتەوە و لە هەمووی گرنگتر ئەمەریکا لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدات کە بەپێی سیاسەتەکانی خۆی هەم گۆڕانکاریی لە حکوومەتی عێراقدا ئەنجام بدات و هەمیش بە دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێز لە سوریا ئامانجەکانی خۆی لە سوریا بگات.[5] کە لە واقعیش دا ئەم روویدا و هەر ئەمەش وایکرد کە کۆماری ئیسلامی ئیرانی ناچار کرد کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکە.

سەبارەت بە وڵاتانی ئەوروپی کە وەک پالەنەرێکی سەرەکی کاریگەری هەبوو لە پێکهینانی ئەم هاوپەیمانەتییە، ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و هێرش کردنە سەر وڵاتانی جیهان بە تایبەت وڵاتانی رۆژئاوای بوو و هەر وەک باسکرا تاکتیکی داعش لە سەرەتای دەرکەوتنی هێرش کردن بوو بۆ سەر دژمنە نیزیکەکان (العدو القریب) بوو کە بریتی بوون لە رژیمی بەشار، شیعەکان، کوردەکان ... و هەر گرووپ و ئاینزایەکی دژی خۆیان لە ناوچەکە بە تایبەت لە عێراق و سوریا کە

---

[1]Mohammed, Ala, The Impacts of ISIS War on Kurdistan Region, CENTER FOR POLITICAL & STRATEGIC STUDIES, Salahaddin University – Erbil, 2016

[2] Obama ،Barack,President Obama Makes a Statement on the Crisis in Iraq,2014, obamawhitehouse, https://obamawhitehouse.archives.gov/blog/2014/08/07/president-obama-makes-statement-iraq

[3]کری ،جان ، آمریکا: داعش نسل کشی کرده است،، بی بی سی فارسی، ۲۰۱٦، https://www.bbc.com/persian/world/2016/03/160317_l43_us_isis_genocide

[4]اقبالی ، علی، هدف امریکا و ناتو از تشکیل ائتلاف مبارزه با داعش، مرکز بین المللی مطالعات صلح – IPSC، ۱۳۹۳، / https://peace-ipsc.org/fahهدف-امریکا-و-ناتو-از-تشکیل-ائتلاف-مبا /

[5]فدایان اقلیت، ائتلاف ضد داعش، اهداف، چرایی و نتایج آن، سال سی و ششم – نیمه اول مهر ۹۳، شماره ٦۷، صص ۲-۵، https://fadaian-aghaliyat.org/fileha/archive/pdf/kar678.pdf

بە وڵاتانی عیلمانی و دۆستانی ڕۆژئاوای هەژمار دەکران لە لایەن داعش، بەڵام ئەم گروپە تاکتیکی شەری خۆی گۆری بۆ هێرش کردنە سەر دژمنی دووریش (العدو البعید) لە پال دژمنی نێزیک [1]

لە سەر ئەم بنەمایە، گروپی تیرۆریستی داعش هەوڵی دا کردەوەی تیرۆریستی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەنجام بدات، بە تایبەت لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا لە ڕێگای ئەو خەڵکە موسڵمانەی کە لەم وڵاتانە نیشتەجێ بوون و لایەنگارانیان لە وڵاتانە، کە لە ریگەی سۆشیال مێدیا و تۆرە کۆمەلایەتیەکان پشتیوانی زۆریان بۆ داعش دەربریبوو، بۆ نموونە، ئەو کەسەی لە مانگی تەمموزی ٢٠١٥دا چوار هێزی دەریاوانی ئەمریکی و دەریاوانێکی لە شاری چاتانوگا لە ویلایەتی تێنسی کوشت، کە پاڵنەری پڕوپاگەندەی ڕێکخراوی تیرۆریستی بیانی بوو، بە گشتی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦، داعش زیاتر لە ١٤٣ کردەوی تیرۆریستی لە ٢٩ وڵاتی جیهان، بێجگە لە عێراق و سوریا ئەنجامدا، کە بووە هۆی کوژرانی ٢٠٤٣ کەس لە وڵاتانە.[2]

هەروەها دروست بوونی رای گشتی جیهانی دژی تاوانەکانی داعش و بە تایبەت لەگەڵ بلاو بوونەوەی کوشتنی هەردوو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جەیمس فۆلی و ستیڤن سۆتلۆف لەلایەن داعشەوە گوشارەکانی نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوی ئەو گروپە زیاتر بوو[3] ، ئەم تاوان و هێرشانە بە سەر ئەوروپا بە تایبەت هێرشی ١٣ نوڤامبری ٢٠١٥ لە پاریس لە لایەن داعش کە بووە هۆی کوژرانی (١٣٠) و بریندا (٣٥٠) هاوڵاتی فەرەنسی و چەندین کردوی دیکە لە فەرەنسا رای گشتی فەرەنسای هەژاند[4] و وای کرد حکومەتی فەرەنسا ڕەشنووسی بڕیارنامەی ٢٢٤٩پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش بکات، کە دواجار لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەو لە ٢٠ نۆڤامبەر بە کۆی دەنگی ئەندامان پەسەند بکرێت. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەو یەکگرتووەکان لەم بڕیارنامەیەدا داوا لە هەموو وڵاتانی ئەندام دەکات هەموو ڕێوشوێنی پێویست، بە پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدەن، بەتایبەتی میساقی نەتەویەکگرتووەکان، و داوای دوو ئامانج دەکات: ئامانجی یەکەم پێشگرتن و سەرکوتکردنی کردەو تیرۆریستییەکانی داعش بە هەموو شێوازەک و دووەم: پاککردنەویە ئەو ناوچە پارێزراوانەی کە داعش لە بەشێکی زۆری خاکی حکومەتەکانی عێراق و سوریا کۆنترۆڵی دەکات یان کۆنترۆڵی هەیە.[5]

لە ئەنجامدا ئەمریکا هێرشی ئاسمانی بۆ سەر پێگەکانی داعش لە سوریاش دەستپێکرد و ئەو هێرشانە ٤٢ ڕۆژ دوای دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکان لە عێراق هاتبوون، هەروها فەرەنسا لە ١٨ی ئەیلولەوە هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر عێراق دەستپێکرد و ئەمەش دەستپێکی بەشداریکردنی فەرەنسا بوو لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش.[6]

وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا بە روونی دەزانن کە تیرۆری هەلقۆلای ڕۆژهەلاتی ناوراست تەنیا پەیوست نیە بەم ناوچەیە کە تەنیا ببێتە کێشە بۆ کۆمەلکۆژی و بنپێکردنی مافی مرۆڤ لەم ناوچەیە و زۆر بە ئاسانی بۆتە هەرەشەیەکی جددی بۆسەر ئاسایش، ژیان، سەقامگیری و ئابووری رۆژئاواش و ئەم وڵاتانەی کردۆتە ئامانج چ لە رێگەی بوونە خەلکی مسلمانی

---

[1] Zia H. Shah, review of ISIS: A History, by Fawaz A. Gerges, Muslim Times, April 3, 2016, https://themuslimtimes.info/2016/04/03/isis-a-history-by-fawaz-a-gerges/

[2] Lister ,Tim,CNN, ISIS goes global: 143 attacks in 29 countries have killed 2,043, 2015, https://edition.cnn.com/2015/12/17/world/mapping-isis-attacks-around-the-world/index.html

[3] Simon, Joel , Is it time to end media blackouts?, September 3, 2014, https://www.cjr.org/the_kicker/james_foley_steven_sotloff_media_blackout.php

[4] B.B.C News, Paris attacks: What happened on the night, 2015 https://www.bbc.com/news/world-europe-34818994

[5] . United Nations Security Council Resolution 2249- 2015 https://www.securitycouncilreport.org/atf/cf/%7B65BFCF9B-6D27-4E9C-8CD3-CF6E4FF96FF9%7D/s_res_2249.pdf

[6] Sterman, David, Decision-Making in the Counter-ISIS War, November 2019,p 30 file:///C:/Users/paytekht/Downloads/Decision-Making_in_the_Counter-ISIS_War_2019-11-06_175206.pdf

لایەنگری فکری توندڕەوی لەم وڵاتانە چ لە لایەن ئەو کەسانەی کە لەم وڵاتانە چوونەتە ناو ئەم جۆرە ڕێکخراو تیرۆریستیانەی وەک داعش چ ئەو هاوڵاتیانەی پاش ٢٠١٤ کۆچیان کردۆتە ئەم وڵاتانە.[1]

بە واتایەکی دیکە گروپی تیرۆریستی داعش لە چەند لایەکەیەوە ببووە مەترسی بۆ سەر ڕۆژئاوا و جیهانیش، ئەم گروپە تیرۆریستییە توانی بووی گەنجانی ئەوروپی زۆر بۆلای خۆی ڕابکێشێت، کە گەڕانەوەیان بۆ ئەم وڵاتانە دەتوانێت مەترسی ئەمنی جددی بۆ ئەوروپا دروست بکات، جیل دی کێرچۆڤ، ڕێکخەری ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری یەکێتیی ئەوروپا، هۆشداریشی دابوو "ئەگەر داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست لاواز بێت، ئەوا ئەوروپییەکان لە ماوەی چەند ساڵێکدا رووبە رووی گەڕانەوەی هاوڵاتیانی خۆیان دەبێتەوە کە خزمەتیان بەو گروپە کردووە و ڕاهێنراون لە بوارەکانی ئایدیۆلۆژی و ئۆپەراسیۆندیدا"[2]

لە لایەکی دیکە داوی هێرشی داعش و هاتنی بەربڵاو و نارێک و پێکی کۆچبەران بۆ ئەوروپا، ببووە هۆی تێکچوونی پێورە ئاسایشی بەتایبەتی لە ڕووی سیاسی، ئابووری، ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری پرسی کۆچکردن دەبێتە پرسێکی ئاسایشی جددی بۆ ڕۆژئاوا، واتا کۆچبەرە موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست، بەهۆی زۆری ژمارەیان، پێشینەیان، بەها جیاوازەکانی کولتووری، ناسنامە و ئایدیۆلۆژی، و جیاوازی لەگەل بنەما کولتووری و سیاسەتەکانی وڵاتانی ئازاد لە بواری پەنابەران تەحەدایەکی بەرچاویان خستە بەردەم ڕۆژئاوا کە زۆرێک لەم هێرشە تیرۆریستییەکان لە وڵاتانی ئەوروپا لەلایەن ئەو کۆچبەرانەوە کە لە ژێر کاریگەری فکرە توندڕەوەکانی داعش و القاعدە و .. دا ئەنجام دارو.

کە واتە هەڕەشەی تیرۆریستی، بڵاوبوونەوەی نائەمنی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیری سیاسی، چڕبوونەوەی بەکۆداچوونەو شارستانی، ململانێی ناسنامە و مەترسی لەسەر ئاسایشی کولتووری، بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی ڕادیکاڵ و...بناژۆخوازی و چڕبوونەوەی ئیسلامۆفۆبیا و زیادبوونی تێچووی دارایی و ... هەموویان، پێکەو بوونەتە هەڕەشەی دەرکەوتنی رادیکالیسم ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی ناوراست بۆ ڕۆژئاویەکان.

هەر بۆیە وڵاتانی ڕۆژئاوا تەنانەت بۆ پاراستنی خۆیانیش بێت ئامادە بوون هاوکاری هاوپەیمانی شەری تیرۆر لەم ناوچەیە بکەن، و هەر وەک جۆن مێرشایمەر باس دەکات ئامانجی سەرەکی ئەندامانی هاوپەیمانیەتی بەرژەوندی خۆیانە و لە لایەکی دیکە باشترین جۆری بەرگیری هێرش کردنە سەر دژمنە نەک بەرگریری کردن لە ناو چوارچێوی وڵات یا ناوچەکەی خۆیان .

بێگومان هاوپەیانان ڕۆلەکی سەرەکیان هەبووە لە تێکشکاندنی داعش و ئەم کارە بە ڕێگەی جۆراجۆر ئەنجام درا وەک برینی سەرچاوە دارییەکانی داعش و لێدانی ٣٦ ئامانجی دارای داعش تاسالی ٢٠١٦ کە بەراورد دەکرێت بە ڕێژەی ٥٠٠ ملیۆن دلار پارەی داعش لە ناو برا بێت [3] ، داخستی ٢٠٠ هەزار لاپەری سۆشیال میدیای داعش، ڕاهێنان و پێدانی چەک بە هێزە لۆکالیەکان لە ناویان دا هێزەکانی پێشمەرگە، بەلام بە گشتی سەرەکیترین هۆکاری شکەستی داعش یارمەتی لێدانی ئاسمانی بوو کە هاوپەیمانان دژی پێگەکانی داعش ئەنجامیاندا[4]

---

[1] Anthony H. Cordesman , CSIS, Terrorism: The Thing We Have to Fear the Most is Fear Itself, 2016, https://www.csis.org/analysis/terrorism-thing-we-have-fear-most-fear-itself

[2] یوروپل، نوع جدید حملات داعش اروپاییان را تهدید می‌کند، بی بی سی فارسی ، ٢٠١٦
https://www.bbc.com/persian/world-38179837

[3] RAND Research, The Role of U.S. Airpower in Defeating ISIS, Published Feb 12, 2021, https://www.rand.org/pubs/research_briefs/RBA388-1.html?utm_source=chatgpt.com

[4] Congressional Research(سەچاوەی پێشوو)

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

و تەنیا چەند وڵاتەکی سەرەکی تێدا بەشدار بوون کە لە سوریا (ئەمریکا،فەرەنسا،تورکیا سعودیا و ئیمارات) بوون و هەروەها لە عێراق و هەرێمی کوردستان (ئەرمریکا، بریتانیا، فەرەنسا،بەلجیکا، ئوردن و ئوسترالیا) و هندێک وڵاتی وەک ئالمانیا،کەندا و پۆلەندا لە رێگەی فرۆکەکانی تایبەت سووتەمەمنی فرۆکە شەکەرەکانیان دانین دەکرد[1]

و لەم ماوەی سالانی نێوان ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٩ دا لە عێراق و هەرێمی کوردستان ١٣٥٨٢ هزار لیدانی ئاسمانی و لە سوریا ١٩٢٨٨ هزار لێدانی ئاسمانی دژی ئامانجەکان ، سەنگەرەکان و ئوتۆمۆبێلە بۆبرێژکراوەکان... داعش ئەنجام دارون.[2] و گورزەکی کوشەندەی لە جەستەی سەربازی داعش دا بەلام نەیتوانیوە بە یەکجاری ئەم دژمنە لە ناو ببات وهێشتا رێکخستنەکان، شانە نووستوکەن و بە تایبەت هزری داعش لە ناوچەکە دا ماوە.

Raqqa had been the de facto capital of the jihadists' self-proclaimed "caliphate".




چارتی ژمارە١ (هێرشەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر پێگەکانی داعش لە عێراق و سوریا لە نێوان سالانی ٢٠١٤- ٢٠١٩ ( https://www.bbc.com/news/world-middle-east-48473979

## بەشی چوارەم: ئالنگاریەکانی بەردەم هاوپەیمانیەتی نێودەولەتی دژی داعش

پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، سەرەڕای ئامانج و هەرەشە هاوبەشەکانی کە ئەم گروپە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی و ناوچەیی دروستی کرد، ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاری یاسای، سیاسی، سەبارزی و ستراتیجی بوویەوە کە هەر کامیان بە شێوەیەک کاریگەری دەکردە سەر شێوازو ئەرکی هاوپەیمانان لە ناوچەکە.

باسی یەکەم: ئالنگاریە یاساییەکانی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر داعش لە هەرێمی کوردستان و ،عێراق و سوریا.

دەستێوردانی سەربازی لە وڵاتانی سەربەخۆدا یەکێکە لە پرسە ئالۆزەکان لە ناو یاسای نێودەوڵەتیدا، کە لە یەک کاتدا سرنج دەخاتە سەر هاوسەنگی نێوان پرەنسیپی سەروەری دەوڵەت و پێویستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ کردەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن وڵاتێک یان چەند وڵاتێک لە سەر خاکی

[1] Mills,Claire ,ISIS/Daesh: the military response in Iraq and Syria, Number 06995, 8 March 2017, House of Commons Library,
https://commonslibrary.parliament.uk/researchbriefings/sn06995/?utm_source=chatgpt.com

[2] coalition, IS fight: US-led coalition says it killed 1,300 civilians in Syria and Iraq, bbc,31 May 2019,
https://www.bbc.com/news/world-middle-east-48473979

دەوڵەتێکی خاون سەروەری، کە ڕەنگە بۆ مەبەستی مرۆیی، بەرگریکردن لە خۆ، یان بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی ئەنجام بدرێت.[1] لەهەمان کاتدا یەکێک لە بابەتە هەستیارەکانی یاسایی، بابەتی شەرعی بوونی هاوپەیمانی نێودەولەتیە کە زۆر جار لە لایەن هندێک وڵات گۆمان خراوەتە سەر شەرعیەتی دەستێوەردانی هاوپەیمانان بە تایبەت لە لایەن هندێک وڵاتی وەک رووسیا و ئیران، نوێنەری پێشووی رووسیا لە نەتەوە یەکگرتۆکان ڤیتالی چورکین لە ١٩ سپتەمبر لە دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایش باسی لەوە کرد کە دەستێوەردانی هاوپەیمانان لە سوریا هیچ بنەمایەکی یاسای نیە و پێویستە کە ئەوان بە رەزامەندی سوریا ئەم دەستێوەردانە ئەنجام بدەن لە لایەکی دیکە رووسیا رخنەی لە شێوازی کاری هاوپەیمانان دەگرت لە سوریا.[2] هەروەها ئیران کە هەر لە سەرەتا دا دژی هاتنی هاوپەیمانان بوو بۆ ناوچەکە و گۆمانی لە ئامانجەکانی ئەمریکا هەبوو، ئیدعای ئەوەی دەکرد کە بوونی هاوپەیمانان لە سوریا بە هۆی ئەوەی لە لایەن دەولەتی ئەو کاتی سوریا بانگێشت نەکراون، نایاسایە[3] وتەنانەت لە پاش کۆتای شەر داعش لە ٢٠١٧ ئیران بەردەوام مانەوەی هاوپەیمانانی لە عێراق بە نایاسای وەسف کردوە و لەرێگەی گروپە شیعەکان گۆشاری خستۆتە سەر حکومەتی عێراق بۆ دەرکردنی هاوپەیمانان.

لێرەدا باسی چەند بنەمایەک دەکەین کە بەپێی ئەم بنەمایانە وڵاتێک یان چەندین وڵات لە چوارچێوی هاوپەیمانییەک بە پێی هەلۆمەرجی تایبەت دەستێوردانی سەربازی لە وڵاتی سێیەمدا ئەنجام بدەن لە چوارچێوی یاسایی و رێگە پێدراو بە پێی بنەماکانی نێودولەتی:

تەوەری یەکەم: بنەمای ڕەزامەندی یان بانگێشتکردنە بۆ دەستێوردانی بیانی: (Consent)

یەکێک لە حاڵەتە ڕێگەپێدراوەکانی پەنابردن بۆ بە کارهێنانی هێز لەسەر خاکی دەوڵەتێکی دیکە، بنەمای (ڕەزامەندی و بانگهێشتکردن)ە کە لە ڕەشنووسی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی سالی ٢٠٠١ لە مادەی ٢٠ دا هاتووە ئەگەر دەوڵەتێک ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر کردەوەی دەوڵەتێکی تر، ئەم کارە ناتوانێت یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشێل بکات، بە مەرجێک لە چوارچێوەی ڕەزامەندیەکەدا بمێنێتەوە.[4] بە واتایەکی دیکە لە سەر بنەمای رەزامەندی وڵاتێک دەتوانێت دەستێوەردانی سەربازی یان سیاسی بکاتە ناو کارو باری وڵاتێکی دیکە بەو مەرجەی وڵاتی یەکەم پێشتر رەزامەندی دابێ بۆ ئەم کارە.

بە پێی ئەم بنەمایە هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ خاکی عێراق نموونەیەکی راستەقینەی ئەم حالەتەیە، بەم شێویە لە سەر بنەمای داواکاری حکومەتی عێراق بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا، ئەم وڵاتە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیی پێکهێنا بە مەبەستی وڵامدانەوەی ئەم داواکارییەی عێراق، هەروەها دیوانی ئەنجومەن، دەستێوردانی حکومەتێکی بیانی لە دوای بانگهێشتکردنی حکومەتی میوان، بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان با یاسای وسف دەکات، کە واتە بنەمای ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانی دژ بە داعش لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەهۆی ڕەزامەندی و بانگهێشتی حکومەتی عێراق شەرعییەت پێدراوە، بەڵام بنەمایەکی لەو شێویە سەبارەت بە دەولەتی پێشووی سوریا بوونی نییە، حکومەتی سوریا لەو کات هەرگیز بە ڕاشکاوی ڕەزامەندی خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی بە سەرکردایەتی ئەمریکا

[1] فتاح، ئومێد . کاکەمین، زانا، بنەما یاساییەکانی جەنگی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە عێراق، المجله اعلمیه الجامعه جیهان _سلێمانی، المجلد ٤، العدد٢، کانون الاول ٢٠٢٠ ، ل ١٣

[2] CHURKIN, VITALY , Security Council, in Statement, Expresses Deep Outrage at 'ISIL', Urging Expanded Support for New Iraqi Government to Defeat It,Security CouncilSC/11571,2014, https://press.un.org/en/2014/sc11571.doc.htm?utm_source=chatgpt.com

[3] لطفی، احمد ، شارق، زهرا، بررسی مشروعیت عملکرد ائتلاف ضد داعش( دولت اسلامیعراق و شام )از منظر حقوق بینالملل در سوریه ، فصلنامۀ مطالعات حقوق عمومی، دورۀ ٤٦ ، شمارۀ ١، بهار ١٣٩٥،صص ١٧٩-٢٠١

[4] بروانە ڕەشنووسی مادەی ٢٠ی کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی
Draft articles on Responsibility of States for Internationally Wrongful Acts, with commentaries - 2001

دژی داعش دەرنەبڕی بوو و هیچ کام لە حکومەتە بەشداربووکانی ناو هاوپەیمانیەتی ڕەزامەندی حکومەتی سوریا یان وەک بنەمای یاسایی بۆ ئۆپەراسیۆنەکانیان ڕانەگەیاندووە.[1]

تەوەری دووەم: بنەمای مافی بەرگری لە خود (The Right to Self-defence)

لە ماددەی ٥١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات مافە سروشتییەکانی خۆیان بۆ بەرگریکردن لەخۆیان بەکاربهێنن ئەگەر هێرش بکرێتە سەریان تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێک دەردەکات، لەم حاڵەتانەدا دەولەت دەتوانێت بە شێوەیەکی تاکلایانە یان بە هاوکاری وڵاتانی دیکە پەنا بۆ کردەوەی سەربازی ببات بۆ بەرگیری لە خۆی و ئەم مافە دەبێت دەستبەجێ ڕاپۆرت بکرێت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و تا ئەو کاتەی ئەنجومەن ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر، کاری پێدەکرێت.[2]

نموونەی ئەم جۆرە دەستێوردانانە بریتین لە وڵامدانەوەی ئەمریکا بۆ هێرشەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ئەفغانستان. حکومەتی عێراقیش وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری داوای هاوکاری سەربازی لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرد. بە پشتبەستن بە مادەی ٥١ ی میساقی نەتەوە یەکگرتووکان کە ئاماژە بۆ مافی بەرگریکردن لە خۆ دەکات، لە لایەکی تر وڵاتانی هاوپەیمان و ئەمریکا بە هۆی ئەو هێرشانەی کە دەکرایە سەر هاوڵاتییان و ئاسایشی ئەم وڵاتانە لە لایەن ڕێکخراوەکی تیرۆریستی داعش بە پشت بەستن بە ماددەی ٥١ وەک مافی بەرگری کردن لە خۆیان دەستێوردانی سەربازی دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە لەو کات عێراق بەشێکی خاکەکەی لە دەستدا بوو و توانای کۆنترۆڵ کردنی ئەم هێزانەی نەبوو ئەمەش وای کرد کە ئەم بەرپرسیاریەتە لە لایەن هاوپەیمانەتی لە ئەستۆ بگیرێت بۆ بەرەنگار تیرۆر، ئەمەش دەرچەیەکی یاسای باش بوو کە خێرای چالاکیەکانی زیاد دەکرد پێش دەرچوونی بڕیارەکانی ئەنجۆمەنی ئاسایش.[3]

تەوەری سێیەم: بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش
(U.N. Security Council Authorization)

دەستێوەردان لەسەر بنەمای ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی: ئەنجوومەنی ئاسایش وەک ئەو دەزگایەی بەرپرسیارە لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەتوانێت ڕێگە بە ڕێوشوێنەکان بدات، لەوانە دەستێوردانی سەربازی، لەو حاڵەتانەی کە مەترسیی جددی لەسەر ئاشتی نێودەوڵەتی هەیە، بە پشتبەستن بە بەشی حەوتەمی میساقەکە، نموونەی دیار لەم جۆرە دەستێوردانانە بریتین لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە کوێت (١٩٩٠) و لیبیا (٢٠١١).[4]
بۆ دەستێوردانی دەرەکی لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان – مادەی ٢ (٧) باس لەوە دەکات کە هیچ شتێک لە میساقەکەدا ڕێگە بە نەتەوە یەکگرتووەکان نادات دەستێوەردان لەو بابەتانەدا بکات کە لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری ناوخۆیی هەر دەوڵەتێکدا بن. بەڵام ئەم بنەمایە ڕێگری ناکات لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە جێبەجێکردنەکان بەپێی بەشی حەوتەمی میساقەکە[5]، جاڕنامەی نەتەو یەکگرتووکان وەک دەسەڵاتی سەرەکی لە یاسای نێودەوڵەتیدا بنەما و چوارچێوی بۆ

---

[1] Arimatsu, Louise and Schmitt, Michael N, Attacking 'Islamic State' and the Khorasan Group: Surveying the International Law Landscape (November 18, 2014). P 9

[2] بروانە ماددەی ٥١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان: Chapter VII: Action with Respect to Threats to the Peace, Breaches of the Peace, and Acts of Aggression (Articles 39-51) | United Nations

[3] فتاح، ئومێد . کاکەمین، زانا ، سەرچاوەی پێشوو لل ١٦-١٧-١٨

[4] موسی زادە رضا, مبینی جواد، مداخلە نظامی ناتو در لیبی ٢٠١١ در پرتو قواعد حقوق بین الملل بشردوستانە." ٢٠١٢، صص ١٣٣- ١٥٤

[5] بروانە مادەی ٢ (٧)نەتەوە یەکگرتۆکان

شەرعیەتدان بە دەستێوەردانەکانی سەربازی دابین کردووە و هەروەها بەپێی مادەی ٢، برگەی ٤ی میساقەکە، پێویستە رێز لە پرەنسیپی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتان بگیرێت و هەر هەڕەشەیەک یان بەکارهێنانی هێز لە دژی یەکپارچەیی خاکی یان سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتێک قەدەغەیە. ئەم پرەنسیپە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم وەک یەکێک لە بناغەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی دروست بوو، ئامانجیشی رێگریکردنە لە دەستدرێژی سەربازی و دەستەبەرکردنی سەقامگیری پەیوندییە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام میساقی نەتەو یەکگرتووکان لە هەندێک بارودۆخدا بە شێوەی هەولاوێرکردن ئەم بنەمایە دەخاتە ڕوو. ئەم هەولاوێرکردنە بە شێویەکی سەرەکی لە بەشی حەوتەمی میساقەکەدا دەبینرێت و دەسەڵات دەدەنە ئەنجومەنی ئاسایش کە رێگە بە دەستێوردانی سەربازی بدات لە ئەگەری هەڕەشەی جددی بۆ سەر ئاشتی نێودەوڵەتی.[1]

هەروەها لە ژێر رۆشنایی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی هندێک حالەتی تایبەت دەستێوردانی سەربازی شەرعیەتی یاسای و نێودەولەتی وردەگرێت. ئەنجومەنی ئاسایش، وەک گرنگترین ئۆرگان بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نەتەوە یەکگرتۆوەکان، لە کاتی گونجاودا دەتوانێت رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر، لە کاتێکدا بنەمای دەستێوردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە وەک پرەنسیپی پەنانەبردن بۆ هێز بە یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی میساق و یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت بەڵام  لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت بە پشت بەستن بە مادی ٣٩ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دیاری کردنی بابەتێک وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی، پێشێلکردنی ئاشتی یان کردەوەی دەستدرێژی دەتوانێت هەولاێرکردن لە بنەماکانی پێشوودا بکات بە واتایەکی تر کارەکانی ئەنجومەن بۆ پاراستنی ئاشتی و بەرەنگاربوونەوەی شەڕانگێزی بە دەستێوردان نازانرێت کە ئەمەش لە مادەکانی (٤١ و٤٢) دا باس کراوە.[2] کە لێرەدا ئەنجومەنی ئاسایش، تیرۆر بە هەڕەشە یان پێشێلکاری دەزانێت بۆ ئاشتی نێودولەتی کە بە پێی بنەمای مادەی ٣٩ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان قەدەغە کراوە.[3]

سەبارەت بە هاتن و بەشداری وڵاتانی بیانی لە شەری داعش لە عێراق و هەرێمی کوردستان دژی رێکخراوی داعش بە روونی ئەمە دیارە کە وڵاتی عێراق بە فەرمی داوای لە وڵاتانی جیهان کردوە کە بۆ بەرەنگار بوونەوەی داعش وشەری دژی تیرۆر هاوکاری ئەم وڵاتە بکەن و لە ١٥ سپتەمبەری ٢٠١٤ لە دانیشتنی ئەنجۆمەنی ئاسایش بە بریاری *٢١٧٠ ئەم بەشداریە جیهانیە چوارچێویەکی یاسای ورگرتووە[4] .

---

Chapter I: Article 2(7) — Charter of the United Nations — Repertory of Practice of United Nations Organs )
— Codification Division Publications

[1] منشور سازمان ملل متحد، PDF

http://hrlibrary.umn.edu/instree/UN-charter-1945[farsi].pdf

[2]براوانە مادەکانی (٣٩-٤١-٤٢) جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان:

Chapter VII: Action with Respect to Threats to the Peace, Breaches of the Peace, and Acts of Aggression (Articles 39-51) | United Nations

[3] طباطبايی، سيد احمد ، شورای امنيت و مداخله نظامی در ليبی، حمايت از غير نظاميان و ايجاد منطقهٔ ممنوعه،مجله حقوق خصوصي، سال هفتم، شماره ١٦، بهار و تابستان ١٣٨٩ ص ١٨٩

*بڕیارنامەی ٢١٧٠ی یەکەم بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە ڕاستەوخۆ داعش بکاتە ئامانج کە لە ١٥ی ئابی ٢٠١٤ پەسەندکرا، ئەم بڕیارنامەیە بە تایبەتی سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گروپە تیرۆریستییەکانی داعش (داعش) و جەبهەت نوسرە لە عێراق و سوریایە. بڕیارنامەکە بەپێی بەشی حەوتەمی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە، واتە پابەندکەر و جێبەجێکردنی بۆ وڵاتان ئیجبارییە.

S/RES/2170 (2014) | Security Council

[4] Security Council , Adopted by the Security Council at its 7242nd meeting, on 15 August 2014,

file:///C:/Users/paytekht/Downloads/UNSC-2170-Syria-Iraq.pdf

دوای ئەمەش چەندین بڕیاری دیکەی وەک بڕیارەکانی*(٢١٧١، ٢١٧٨، ٢١٩٩) لە سەر پشتگری عێراق لە شەڕی داعش و داوا کردن لە وڵاتان بە مەبەستی هانگاونان بۆ ئەنجامدانی چەندین ڕێوشوێنی پێوەیست دژی تیرۆریستان داعش وەک، ڕووبەڕووبوونەوی لایانی دارایی تیرۆریستان، یارمەتی مرۆیی، لێدانە سەربازییەکان و یارمەتی بۆ سەقامگیری ناوچەکە دەدات.[1]

هەموو ئەم بڕیارانە ئاماژە بەوە دەکەن کە تیرۆر هەڕەشەیەکی جدییە بۆ سەر ئاسایشی هەموو وڵاتانی جیهان و ئەوان لە رووی یاسای بە بڕیارەکانی ئەنجۆمەنی ئاسایش ڕێگا پێدراون بۆ بەکار هێنانی هێزی سەربازی دژی داعش بە تایبەت بڕیاری (٢٢٤٩) کە لە سەر ڕاسپاردەی فەرەنسا هاتە کایەوە و ئاماژە بەمە دەکات دەولەتان دەتوانن هەموو ڕێکارەکانی پێویست بەکار بهێنن لە بەرنگار بوونەوەی داعش، واتا پشتیوانی تەواو بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەکات .[2]

تەوەری چوارەم: بنەمای دەست تێوردانی مرۆیی (Humanitarian Intervention)

ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە دەستێوردانی سەربازی ئەنجام دەدرێت بۆ ڕێگریکردن لەو حالەتانەی کە پێشێلکاری بەربڵاوی مافی مرۆڤ وەک جینۆساید، پاکتاوی نەتەوەیی، یان کوشتنی بەکۆمەڵ ئەنجام دراوە. هەرچەندە ئەم جۆرە دەستێوردانە زۆرجار بە پێویستییەکی ئەخلاقی و مرۆیی دادەنرێت، بەڵام شەرعیەتەکەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەمیشە جێی مشتومڕ بووە. نموونەی بەرچاوی ئەم دەستێوردانانە بریتین لە ئۆپەراسیۆنی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ (١٩٩٩) کە بەبێ مۆڵەتی ئەنجومەنی ئاسایش ئەنجامدرا و مشتومڕی یاسایی و ئەخلاقی بەرفراوانی لێکەوتەو.[3]

کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزیدی لە لایەن داعش لە ساڵی ٢٠١٤ بە یەکێک لە قێزەوەنترین تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەم سەدەیەدا دادەنرێت کە لەلایەن نەتەویەکگرتووکان بە جینۆساید ناسێندرا، کوشتنی سیستماتیکی و کۆیلایەتی سێکسی و پاکتاوی نەتەویی لە دژی کەمینەی ئایینی ئێزیدی لە ناوچە کوردیەکان ئەنجام دار و دوای ئەم ڕووداوە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە باسی لە ڕفاندنی هەزاران ژن و منداڵی ئێزیدی، دەستدرێژی، هاوسەرگیری بەزۆر، یان کۆیلایەتی سێکسی، و دەیان تاوانی دیکەت دژە مرۆڤایەتی کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێکردن.[4]

هەر وەک باس کرا ئەمریکا لە سەرەتای هاتنی داعش هیچ هەنگاوێکی جددی نەگرتەبەر و باراک ئۆباما ئامادە نەبوو ڕۆڵی لە شەڕی داعشدا بگێڕێت، بەڵام ڕووخانی شنگال و ڕوودانی ئەم کاراساتە مرۆییە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بوو کە

---

*بڕیارنامەی ٢١٧١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٨ی ئابی ٢٠١٤، تەنها دوو هەفتە دوای بڕیارنامەی ٢١٧٠ پەسەندکرا.بەڵام بە پێچەوانەی ساڵی ٢١٧٠ کە بە تایبەتی سەبارەت بە داعش بوو، بڕیارنامەی ٢١٧١ بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لەسەر ڕێگریکردن لە شەڕی چەکداری بوو، بە تایبەتی لە ڕێگەی بەهێزکردنی حکومەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی ڕەگ و ڕیشەی ناوخۆیی ململانێکان. (Resolution 2171 (2014) /)

بڕیارنامەی ٢١٧٨ی ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٤ سەبارەت بە گرنگیدان بە چەکدارانی بیانی؛ دەوڵەتانی ئەندام پێویستە ڕێگری لە گەشتە تیرۆریستییەکان بکەن، ڕێسای توندتر لەسەر دەرچوون/هاتنە ژوورەوەی کەسانی گوماناوی بسەپێنن.( Resolution (2178 (2014) /

بڕیارنامەی ٢١٩٩ی ١٢ی شوباتی ٢٠١٥ سەبارەت بە بڕینی سەرچاوە داراییەکانی داعش لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت و کەلوپەلی کۆن و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و پارەی فیدیە. پێویستە دەوڵەتانی ئەندام ڕێگری لە هەر جۆرە کڕین و فرۆشتنێک بکەن کە پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت.( Resolution 2199 (2015) / - United Nations Digital Library System)

[1] UN Security Council Resolution, (2178), 24 September 2014
https://www.justice.gov/file/405626/dl

[2] فتاح، ئومێد . کاکەمین، زانا ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

[3] ابراهیمی، نبی‌اله، تحول مفهوم مداخله بشردوستانه در روابط بین‌الملل، فصلنامه مطالعات راهبردي شماره ٣، ٢٠٠٨، تهران، صص ٨٠٧-٨٣٠

[4] UN News, UN human rights panel concludes ISIL is committing genocide against Yazidis, UN human rights panel concludes ISIL is committing genocide against Yazidis | UN News

وای کرد چاوخشاندنەوە بەم سیاسەتە ئەمریکا بکرێتەوە و لەگەڵ جدیبوونی مەترسی کارەساتی مرۆیی لەسەر چیای شنگال و بەرزبوونەوی ئەگەری تەشەنەسەندنی شەڕ بۆ هەولێر و ئەگەری دووبارە بوونەوەی ئەم کاراساتانە، هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەستیان بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی داعش کرد.[1]

لەگەل ئەوەی کە لە شەڕی تیرۆردا کەمتر گرنگی بە قوربانییەکانی مرۆیی دراوە، بەڵام ئەمە ڕووداوانە هەڵەکی یاسایی دەدا دەست ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ لێدانی داعش و سەرۆکی ئەمریکا بە ئاماژەدان بە بەرپرسیارێتی ئەمریکا لە پاراستن و ڕێگریکردن لە جینۆساید، بە جۆرێک پاساوی بۆ دەستێوردانی مرۆیی لەم شەرەدا هێنایەوە. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەولەتی پێویست بوو هەولەکی جدی بدات بۆ ڕێگری لە زۆر بوونی کوژران و جینوسایدی کەمینە ئاینی و نەتەویەکان بە پێی دوکتۆرینی دەستێوردانی مرۆیی و لەم بارۆدۆخەدا دەبێتە مافێک لە چوارچێوی یاسایی نێودەولەتی. و پێویستی دەستێوردانی مرۆییدا لەو حاڵەتەدا وەکوو بنەماکی یاسایی پشتی پێ دەبەسترێت، چونکە دەستێوەردانی مرۆیی ڕێگە دەدا بە دەوڵەتێک یا دەوڵەتان کە دەستێوردان بکەن بۆ ڕێگری کردن لە سەرپێچییەکانی مافی مرۆڤ کە دژ بە هاوڵاتی مەدەنی ئەنجام دەدرێت.[2]

باسی دووەم : ئالنگاریەکانی سەبازی، سیاسی و ستراتیجی بەردەم هاوپەیمانی نێودەولەتی

تەوەری یەکەم: هەلوێستی زلهێزانی ناوچەیی بەرامبەر هاوپەیمانی نێودەولەتی (ئیران وەک نموونە)

وڵاتی ئێران دوای دروست بوونی داعش و هاتنی هاوپەیمانان، هەوڵیدەدا لە لایەک ڕێگری لە نفوزی داعش بکات و لە هەمان کاتدا هەژموونی خۆی لەم وڵاتانی (عێراق و سوریا) زیاد بکات و چەندین سوودی ستراتیجی لە شەڕی داعش دەستکەوت، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ پێکهینان، فراوانکردن و بەهێزکردنی گروپە بەوکالەتەکانی لە ناوچەکەدا وەک هێزەکانی حزبوڵلا، کەتائیبەکان و عەسائیب ئەهلی حەق لە عێراق یان فاتمیون و زەینەبیون لە سوریا، هەروەها هێشتنەوی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سوریا، ئێران ئەم دەستێوردانانەی وەک بەشێک لە ستراتیجی گەورەتری خۆی بۆ دروستکردنی ڕێڕەوێک (corridor) دەزانی، کە تێیدا توانی ڕێگایەکی وشکانی لە ئێران بۆ لوبنان لە ڕێگەی عێراق و سوریا دروست بکات، ئەم کۆریدۆرە کە هەندێک بە "هیلالی شیعە" ناوی دەبەن، ڕێگەی بە ئێران دەدا بە ئاسانی هاوکاری لۆجستی و چەک بۆ حزبولای لوبنان و هاوپەیمانەکانی دیکە بنێرێت و بتوانێت نفوزی سعودیە و ئەمریکا کەمبکاتەو.[3] و بێ دەستێوەڕدانی ڕاستەوخۆی سەڕبازی پێگەی خۆی بەڕامبەڕ بە سعودیە و ئەمریکا بە هێزتر بکات.

لەبەرامبەردا سعودیە بە پشتبەستن بە پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو هەوڵیدا نفوزی ئێران لە ناوچەکە سنووردار بکات کە ئەم هەوڵانە بریتی بوون لە پێکهێنان و پشتیوانی مادی و سەربازی هاوپەیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوی داعش لە هەمان کاتدا سنووردارکردنی دەسەڵاتی گروپە شیعەکانی سەر بە ئێران، بەڵام کێبڕکێی ڕاستەوخۆی نێوان سعودیە و ئێران بە تایبەت لە عێراق و سوریا وای کرد کە هەڕدوو وڵات لە جیاتی بەڕنگاربوونەوی هەڕەشە هاوبەشەکان خەریکی کێبڕکێی ستراتیجیکیەکانی خۆیان بن.[4]

تاران هیچ کات روانگەیەکی باشی بەرامبەر بە هاوپەیمانان نەبوو و بە گۆمانەوە سەیری ئامانجەکانی هاوپەیمانیەتی دەکرد، لە سەرەتاکانی هاتنی هاوپەیمانی عەلی شەمخانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەویی ئێران، گومانی خۆی لە مەرامی ڕاستەقینەی ئەمریکا لە پێکهێنانی هاوپەیمانی دژی داعش دەربڕی و ڕایگەیاند کە ئەمریکا بە بیانووی

[1] سیدی ،همن، داستان سنجار و کردها؛ از تراژدی تا پیروزی BBC News - فارسی، ۲۰۱۵
https://www.bbc.com/persian/world/2015/11/151117_l10_hs_sinjar_kurdistan

[2] فتاح، ئومێد . کاکەمین، زانا، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۱

[3] Nader A..2015 Iran's role in Iraq. Perspective Expert insights on a timely policy issue. P7-9
file:///C:/Users/paytekht/Downloads/RAND_PE151%20(1).pdf

[4] Lister CR. The Islamic State: a brief introduction. Brookings Institution Press; 2015 Mar 2.p30

بەرەنگاربوونەوی تیرۆر بەنیازە سەروریی وڵاتانی دیکە پێشێل بکات، بەشێویەکی گشتی ئێران دژی هەرچەشنە کردەوەیەکی سەربازی لە سوریا بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ئەو وڵاتە بوو و بە ناشەرعیی دەیزانی.[1]

ستراتیژی سیاسی-دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی ئیران لە بەرەنگاربوونەوەی داعش لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە لایەک و لە لایەکی دیکە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی نیشتمانی سەربەخۆ و بێگومان تا ڕادەیەک لە هاوکاری لەگەڵ ڕووسیا، عێراق و سوریا بووە لە سەر ئەم بنەمایە رابەری ئیران ئایەتوڵڵا خامنەیی، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشی بە بێمانا دازەنێت و بە گۆمانەوە دەروانێتە ئامانجەکانی ئەم هاوپەیمانییە .[2] بە گشتی هە ڵوێستی ئێران لە بە ڕامبەرِ هاوپەیمانی نێودەولەتی دژی داعش لە سەرەتای سەرهەلدانی گروپی تیرۆریستی داعش هەمیشە جێگەی گۆمان بووە و ئەم هاوپەیمانییە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و سەربازییەکانی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا دەبینێت.[3]

کە بە بیانووی شەری تاخمەکی تیرۆریستی کە خۆیان دروستیان کردووە لە هەولی پاراستنی بەرژەوەندیە مادیەکانی ئەمریکا و بلاو کردنەوەی دیموکراسیەکی رۆژئاوای لە ناوچەکەدان.[4]

لە بەرمبەردا وڵاتانی ناو هاوپەیمانی نیگران بوون لە کردەوەکانی ئیران لە ناوچەکە و لە سەرەتای دروست بوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بڕیاردرا، ئێران بانگهێشت نەکرێت بۆ پەیوندیکردن بەو هاوپەیمانییە، کە ئەم بڕیارە بە هۆی نیگەرانی سیاسی و ناکۆکی لە نێوان ئێران و بەشێک لە ئەندامان بەتایبەت ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە درا.[5]

بە شێویەکی گشتی هەلوێستی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئێران، ئاوێتەیەکە لە هاوکاری ناڕاستەوخۆ و نیگەرانی جیۆپۆلیتیکی و سەرەڕای شەڕی هاوبەش لە دژی داعش، ناکۆکی سیاسی و نیگەرانییەکان سەبارەت بە پەرەسەندنی نفوزی ناوچەیی ئێران، ڕێگر بوو لە هاوکاریی فەرمی و ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولا .

بۆیە دەتوانین بڵێین ڕکابەرییە ناوچەییەکان و پێکهێنانی هاوپەیمانی لە چوارچێوی نیوریالیزمی هێرشبەر نەک تەنیا وەک وڵامێک بۆ هەڕەشە ئەمنییەکان بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ فراوانکردنی کاریگەری و پاراستنی هەژموون کاردەکات لە قەیرانەکانی وەک سەرهەڵدانی داعش لە عێراقدا و ڕکابەریی دەسەڵات لە نێوان ئێران و سعودیە و ئەمریکادا کە بووە هۆی پێکهێنانی هاوپەیمانی دژی یەکتر، هەرچەندە ئەم هاوپەیمانییە یارمەتیدەر بوون لە کەمکردنەوی مەترسییەکانی داعش، بەڵام گرژییە ناوچەییەکان و ڕکابەرییە ستراتیجییەکانی نێوان ئەکتەرە جیاوازەکانیشیان گەورەتر کرد.

---

[1] جماران نیوز، وضع گیری متقابل ایران و آمریکا درباره ائتلاف مبارزه با داعش، ۱۳۹۳
https://www.jamaran.news/بخش-اخبار-57677/59-موضع-گیری-متقابل-ایران-آمریکا-درباره-ائتلاف-مبارزه-با-داعش?utm_source=chatgpt.com

[2] خلیلی ،رضا ، شیخزاده ، حسین ، مقاله پژوهشي: بررسي مقایسهای راهبردهای ایران و آمریکا در مقابله با داعش، فصلنامه علمی مطالعات بینرشتهای دانشراهبردی سال سیزدهم، شماره ،۵۲ پاییز ،۱۴۰۲ صص۷۱-۸۶

[3] خانی، حسن، داعش و نگاه ایرانی به امنیت منطقه ای در جستجوی چارچوبی تحلیلی، فصلنامه پژوهشهای راهبردی سیاست، سال هفتم، شماره ۲٦ ، پاییز ۱۳۹۷

[4] خلیلی ،رضا ، شیخزاده ، حسین، سەرچاوەی پێشوو

[5] ESFANDIARY, DINA . TABATABAI ,ARIANE, Iran's ISIS policy, *International Affairs*, Volume 91, Issue 1, January 2015, Pages 1–15,
https://www.chathamhouse.org/sites/default/files/field/field_publication_docs/INTA91_1_01_Esfandiary_Tabatabai.pdf

**تەوەری دووەم: ئامانجە جیاوازەکانی ئەندامانی ناو هاوپەیمانی (تورکیا وەک نموونە)**

**لە چوارچێوی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا، تورکیا یاریزانێکی سەرەکیە کە ڕۆڵێکی دیار لە ئاسایش و ناسەقامگیری ناوچەکەدا هەیە. تورکیا بە لە بەرچاوگرتنی پێگەی جوگرافی و سیاسەتی دەرەوی، هەوڵی داوە وەک زلهێزێکی ناوچەی کاریگەر بناسرێت، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا. سیاسەتە ئاسایشییەکانی تورکیا لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ناوچەکە، وەک قەیرانی سوریا و پەیوندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا، بە ڕوونی تیۆری بە ئاسایش کردنی قوتابخانەی کۆپنهاگنیان قۆستۆتەو. تورکیا ئەم ڕێبازەی بۆ پێناسەکردنی هەڕەشەکانی بەکارهێناوە و هاوشان لەگەڵیدا هەوڵی داوە  ئێران لە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەدا کۆنترۆڵ بکات. بۆ نمونە تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەرنگاربوونەوەی گروپە چەکدارەکان و هەڕەشە ئەمنییەکان لە قەیرانی سوریادا، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدات خۆی وەک ئەکتەرێکی بەرپرسیار لە پرۆسەکانی ئاسایشی جیهان و ناوچەییدا پێشان بدات. لە سەرەتای سەرهەڵدانی داعش و هەولەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەولەتی دژی داعش لە لایەن سەرۆکی ئەمریکا باراک ئوباما کە لەو کات چەند وڵاتێک ئامادە بوون کە بەشدار بن لەو هاوپەیمانییە، دەوڵەتی تورکیا یەکێک بوو لە یەکەمین وڵاتان کە ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ پشتیوانی کردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش[1]**

**هەرچەندە تورکیا ئامادەی خۆی بۆ هاوکاریکردن و بەشداری لەگەل هاوپەیمانی نێودەولەتیدا دەربڕی بوو، بەڵام لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی دژی داعش بە تایبەت کاتێک کە داعش لە عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبوو هیچ جۆرە چالاکیەکی زۆر جدی دژی داعش ئەنجام نەدەدا و لە ڕاستیدا یارمەتیدەری سەرەکی نەبوو لە بەرەنگاربوونەوی داعش، بەڵام  بە هۆی چەندین ڕووداوی سەرەکی تورکیا ناچار بوو گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی خۆی دا بکات :**

**یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کە وای کرد تورکیا چالاکانە بێتە ناو هاوپەیمانی نێودوڵەتی دژی داعش، بابەتی کوردانی رۆژئاوا بوو، کوردەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لە بەرەنگاربوونەوی داعش وەک هێزێکی زەمینی چالاک و ئەمەش وای کرد کە تورکیا داو لە ئەمریکیەکان بکات کە ڕێیان پێ بدات بۆ ئەوەی کە بە شێویەکی چالاکتر دژی پێگەکانی داعش هێرشی ئاسمانی ئەنجام بدەن، سیناتۆوری ئەمریکی ڕیچارد بلاگ باس لەوە دەکات کە بابەتی سەرەکی تیرۆر لە لای تورکیا بابەتی کوردەکان بوو تاکوو داعش، ئەمەش وای کرد ئەوان بە شێویەکی چالاکتر بێنە ناو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و هەوڵ بدەن پێگەکانی داعش لە شاری رەقە کە پایتەختی خەلافەتی داعش بوو بکەنە ئامانج، بەڵام  لە کۆی ٣٠٠ هێرشی ئاسمانی کە لە لایەن هێزی ئاسمانی تورکیا ئەنجام درا دژی پێگەکانی تیرۆیستان داعش، ٢٩٧ تەنیا دژی کوردەکان بوو، و ئەمەش بە ڕوونی پیشان دەدات کە ئامانجی سەرەکی تورکیا لە شەڕی دژی داعش لە ڕاستیدا پەکەکە و کوردانی ڕۆژئاوا بوون .[2] کە  ئەمەش بە تەواوی جیاواز بوو لەگەڵ ئامانجە سەرەکیەکانی هاوپەیمانیەتی دژی داعش.**

**هەر چەندە تورکیا لەگەل دروست  بوونی هاوپەیمانەی، ئەم جارە رێگەیدا بە بەکار هێنانی بنکەی ئاسمانی ئینجیرلیک لە باشووری تورکیا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کە لە راستیدا مەبەستی ئەوە بوو کە هەڵەی ساڵی ٢٠٠٣ دووبارە نەکاتەوە و بتوانێت بەم کارە رۆلی خۆی لە پێشهاتەکانی ئاسایشی و سیاسی ناوچەکە دا زیاتر بکات، بەڵام  ئامانجی سەرەکی ئەردۆغان بە تەواوی پشتیوانی لە بنبڕکردنی گروپە جیهادییەکان لە سوریا نەبوو و لێرەدا گروپە  ئیسلامییە سونیەکانی دژی بەشار ئەسەد و تورکمانییەکان بۆ تورکیا بەربەستەکی سەرەکی بوون بۆ ڕێگری لە فراوانبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان.[3]**

---

[1] **Peralta ,Eyder , Obama: Our Goal Is To 'Dismantle' The Islamic State, nrp,2014**
**https://www.npr.org/sections/thetwo-way/2014/09/05/346099402/obama-our-goal-is-to-dismantle-the-islamic-state**

[2] **مەنتک، کامەران، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕێکخراوی داعش لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە ٩٤٧، سلێمانی، ٢٠٢٠، لل ١٦٧-١٦٨**

[3] **Taşpınar ,Ömer, Turkey cannot effectively fight ISIS unless it makes peace with the Kurds, brookings, 2016**

بابەتیکی تر کە لەگەل ئامانجەکانی سەرەکی هاوپەیمانیەتی دژبەیەک بوو، بوونی گۆمان لە سەر هاوکاری تورکیا بوو بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کە سەرەرای هەرەشەکانی داعش بۆ سەر ئاسایشی توریکا وەک ئەوی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ روی دا کە داعش گەمارۆی کونسوڵخانەی تورکیای لەم شارە و ٤٩ کارمەندی کونسوڵخانەکەی بە بارمتە گرت کە بریتی بوون لە کونسوڵ و ئەندامانی خێزانەکەی، دیپلۆماتکاران و ئەفسەرانی ئاسایش و کارمەندانی ناوخۆیی، دوای دانوستانی درێژخایەن و فشاری نێودەوڵەتی، تورکیا توانی لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ دوای ١٠١ رۆژ ئازادکردنی ئەو بارمتە مسۆگەر بکات، هەرچەندە دەوترێت تورکیا بۆ ئازادکردنی بارمتەکان ڕێککەوتنی لەگەڵ داعش کرد بوو، بەڵام وردەکارییەکانی ئەو دانوستانانە بە فەرمی ئاشکرا نەکراوە.[1]

هەروەها دوو هێرشی خۆکوژی لە ئەنقەرەی پایەتختی تورکیا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ کە بوە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ کەس و سەدانی دیکەش بریندابوون کە داعش بەرپرسیارێتی خۆی لەم هێرشانەدا گرتە ئەستۆ، هێرشەکان لە نزیک وێستگەی شەمەندەفەر و لە نێو خۆپیشاندانی ئاشتیانەی چالاکانی ئاشتیدا ڕوویاندا. [2] هەروەها هێرشکردنە سەر فڕۆکەخانەی ئەتاتورکی ئەستەنبوڵ لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ کە تێیدا سێ تیرۆریستی چەکدار هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەتاتورکی ئەستەنبوڵ و تەقەیان کرد و بۆمبیان تەقاندەوە کە بەهۆیەو ٤٥ کەس کوژران و زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش بریندار بوون و داعش بەرپرسیارێتی ئەم هێرشەی لە ئەستۆ گرت.[3]

لەگەل بوونی ئەم هەرەشانە بۆ سەر ئاسایسی نەتەوەی تورکیا، بەڵام ئەم تورکەکان هیچ کات بە فعلی داعشی بە دوژمنی سەرەکی خۆی هەژمار نەکردوە و بەردەوام تۆمەتبار کراون بە هاوکاری ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە لە لایەک تورکیا ڕێخۆشکەر بوو بۆ هاتنی چەکدارانی بیانی بۆ چوونە سوریا بە تایبەت چەکدارانی داعشە هەروەها بوونی بەلگە لە سەر هەبوونی بازرگانی نایاسایی لە نێوان داعش و تورکیا و دەرمان کردنی بەشێکی برینداری داعش لە نەخۆشخانەکانی تورکیا و لە لایەکی دیکە لاوازی لێدانەکانی تورکیا بۆ سەر پێگەکانی داعش و تەنانەت بلاو بوونەوەی دەیان راپۆرت کە خۆدی ئەردۆغان و خێزانەکەی بە یارمەتی دانی داعش تۆمات دەکرد، و سەرەرای نکۆلی تورکیا بەڵام راپۆرتەکان و بەلگەکان سەلمێنەری ئەم پەیوندیانە بوونە کە لە نێوان داعش و ئەم وڵاتە دا ئەنجام دراوە.[4]

هەرچەندە تورکیا وەک بەشێک لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش هەنگاوی ناوە و لە هەندێک ئۆپەراسیۆندا ڕۆڵی کارای بینی، بەڵام ئەمە هەولانە بە تەواوی لە چوراچێوی ئامانجەکانی هاوپەیمانیەتی نەبووە کە لە تێروانینی تورکیا بەرژەوندییەکانی وڵات لەناو بات لەبەرامبەر سوودی بوونی داعش بۆ ئەم وڵاتە، تورکیا شەڕی خۆی لەگەل تیرۆر لە سوریا و عێراق لە سەر نفوز و پێگەی کورد چڕ کردوە، هاوکات بانگەشەی ئەو دەکات شەڕی داعش دەکات، بۆیە لە دروشمی بەرەنگاربوونەوی تیرۆردا بە ئاراستەیەک دەچوو و کردەییەکەی بە ئاراستەیەکی دیکە، بەم پێیە تورکیا هەرگیز بە

---

https://www.brookings.edu/articles/turkey-cannot-effectively-fight-isis-unless-it-makes-peace-with-the-kurds/

[1] Johnston, Chris, Isis militants release 49 hostages taken at Turkish consulate in Mosul, The Guardian, 2015
https://www.theguardian.com/world/2014/sep/20/isis-releases-hostages-turkish-consulate-mosul

[2] بی بی سی فارسی، انفجارهای آنکارا 'دست‌کم ۹۵ کشته به جا گذاشته است' ٢٠١٥
https://www.bbc.com/persian/world/2015/10/151010_l31_turkey_ankara_explosion

[3] العربی فارسی، دو انفجار انتحاری فرودگاه بین‌المللی آتاتورک در استانبول ترکیه را لرزاند، ٢٠١٦
https://farsi.alarabiya.net/middle-east/2016/06/28/دو-انفجار-فرودگاه-بین-المللی-آتاتورک-در-استانبول-ترکیه-را-لرزاند

[4] مەنتک، کامەران،سەرچاوەی پێشوو لل ١٦٧-١٧٧

شێوی ڕاستەقینە شەڕی لە دژی تیرۆر نەکرد، چونکە داعش و گروپەکانی دیکە ئامرازێکی ستراتیجی بوون بۆ ئەم وڵاتە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ستراتیجی یەکانی ئەنقەرە لە ناوچەکەدا.

تەوەری سێیەم: سیاسەتەکانی ڕووسیا بەرامبەر هاوپەیمانیەتی نێودەولەتی دژی داعش

ڕووسیا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، لە هەندێک بابەتدا ناکۆکیان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، ئەم ململانێیانە لە جیاوازی ستراتیجی و ئامانجی سیاسی و ڕێبازی جیاواز بۆ قەیرانی سوریا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریان هەڵدا.

ئەمریکا وەک یەکێک لە زلهێزە گەورەکان هەر لە سەرەتاوە سەرکردایەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعشی کرد، ئەو وڵاتە بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی سەربازی و تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی خۆی، هێرشی ئاسمانی بەرفراوانی کردە سەر پێگەکانی داعش لە عێراق و سوریا بەڵام لە ڕوانگەی زلهێزەکی تری جیهانی وەک ڕووسیا، ئەم کاری ئەمریکا تەنیا ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی داعش نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە هەوڵەکانی ئەم وڵاتە بۆ پاراستنی پێگەی هەژموونی خۆی لە سیستەمی نێودەوڵەتی و ڕێگریکردن لە فراوانبوونی کاریگەریی ڕکابەرەکانی لە ناوچەکەدا، جگە لەوەش ئەمەریکا پشتیوانی هێزە ناوخۆییەکانی وەک هێزەکانی سوریای دیموکرات و سوپای عێراقی و پێشمەرگە وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجە ستراتیجی یەکانی بەکارهێناوە.[1]

لەبەرامبەردا ئەم هەولەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ڕووسیا بە ڕاستەوخۆ چووە ناو قەیرانی سوریا و بە پاڵپشتی کردنی سەربازی بۆ حکومەتی بەشار ئەسەد بە جددی هاتە ناو شەڕی داعشەوە، هەرچەندە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکی و فەرمییەکانی دەستێوردانی ڕووسیا، بەڵام لە ڕوانگەی ڕئالیسمی هێرشبەر، دەتوانرێت ئەم کارەی ڕووسیا وەک هەوڵێک بۆ بەهێزکردن و بوونی سەربازی و سیاسی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەحەدای کاریگەرییەکانی ئەمریکا لێکبدرێتەو. هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا بۆ سەر پێگەکانی داعش و گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر لە سوریا، لەگەڵ پێدانی چەک و ڕاوێژکاری سەربازی، ئاماژەیە بۆ هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی وڵاتەکەی و چەسپاندنی نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا.[2]

لەگەل ئەوی جەنگی داعش دەرەفەتێکی باش بوو بۆ ڕووسیا و ڕۆژئاوا بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لە شەری تیرۆر بەڵام رووسەکان هاتنی هاوپەیمانان بۆ سوریا بە تایبەت ئەمریکایان بە نایاسای لە قەلەم دەدا بەمر پێیە ماریا زاخارۆڤا، وتەبێژی پێشووی وزارەتی دەرەوی ڕووسیا دەڵێت: "ئەمریکییەکان بە پێکهێنانی هاوپەیمانی بڕیارياندا شەڕی داعش بکەن کەواتە، دەردەکەوێت کە دوای قاعیدە، ئەمریکییەکان بە ڕاستەخۆ یان بە ناڕاستەخۆ، دەستیان هەبووە لە دروستکردنی ئەهریمەنێکی دیکە بە ناوی داعش، کە دواتر خۆی بە کوشتن و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی ترسناک لە سەرانسەری جیهاندا سەرقاڵ کرد تەنانەت ئەمڕۆ شارەزا و هێزە ئەمنییەکانی خانەنشینکراوی ئەمریکا ئاماژە بە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوی ئەمریکا دەکەن لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی داعش و درێژکردنەوی بوونی داعش" بەلام رووسیا لە پێناو پاراستنی سوریا و لێدانی داعش لە سەر داوای ئەم وڵاتە هێزە ئاسمانییەکانی خۆی نارد بۆ یارمەتیدانی سوپای سوریا لە ڕووبەڕووبوونەوی تیرۆریستان.[3]

---

[1] I. Susilo, R. A. Putri, & N. Azizah. (2019). United States's Intevention against the Islamic State of Iraq and the Levant. In Indonesian Journal of International Relations. P59

[2] P. Bielicki. (2018). Policy of the Russian Federation towards Kurds in the Syrian Conflict. In Southern Cultures. P14

[3] زاخاروواء ، ماريا، ، مسكو: چرا داعش فقط به دشمنان آمريكا حمله میکند؟ ،ایسنا نیوز ، ۱۴۰۳
https://www.isna.ir/news/1403010702943/مسکو-چرا-داعش-فقط-به-دشمنان-آمریکا-حمله-می-کند

هەروەها وەزیری دەرەوەی ڕووسیا وێڕای ئەوەی هاوپەیمانی ئەمریکی دژ بە داعش بە بێ کاریگەر ناودەبرد، ئاماژەی بەوشکرد شەڕی دژی ئەم ڕێکخراو تیرۆریستییە دەبێت لە چوارچێوی شەڕێکی یاسایی و بە مۆڵەتی ئەنجومەنی ئاسایش لە سوریا ئەنجام بدرێت.[1]

ڕووسیا پاڵپشتی حکومەتی بەشار ئەسەدی کرد لە سوریا و بوونی خۆی لە سوریا بە بانگێشتی سوریا بۆ بەرەنگاربوونەوی تیرۆر و پاراستنی سەقامگیری لەو وڵاتە و پاساو دا.[2] بۆ ڕووسیا شەڕی داعش بەشێک بوو لە ستراتیژێکی گەورەتر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئەسەد و بەهێزکردنی نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا و لەگەل ئەوەی ئەمریکا چەند جار داوای هەماهەنگی کرد بۆ لێدانی گروپە تیرۆریستیەکان لەگەل رووسیا بەلام بە هۆی ئەوەی ئامانج و سیاسەتەکانی رووسیا جیاواز بوون وەک ئەوەی رووسیا تەنیا بەرهەلستەکانی ئەسەدی بە تیرۆرست دەزانی و خوازایاری مانەوەی بەشار ئەسەد بوو، ئەمەش بەتەواوی لەگەل ئامانجەکانی هاوپەیمانان دژ بوو هەروەها راپۆرتە هاولگەریەکان پێشانی دەدا کە ئامانجەکانی سەر زوەی رووسیا و سوریا دژی سیاسەتەکانی هاوپەیمانان بوو .[3]

چونکە بەشێک لەو گروپانەی کە لەلایەن هاوپەیمانییەوە پاڵپشتی دەکران لە لایەن رووسیا بە تیرۆریست هەژمار دەکران، هەروەها رووسیا بەردەوام هەولی داوە لە رێگەی نفوزی خۆی لە ناوچەکە پێگە ئەمریکا لە سوریا وعێراق لاواز بکات و گۆشار بخاتە سەر ئەم وڵاتانە بۆ دەرکردنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لەم وڵاتانە بە تایبەت پاش کۆتای هاتنی مەترسی سەربازی داعش لە ناوچەکە.[4]

ئامانجی سیاسەتی رووسیا لە دژایەتیکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە سوریا لەو کات، یەکەم رێگریکردن بوو لە دووبارە بوونەوەی سیناریۆی لیبیا، چونکە هەر دەستێوردانێک دەتوانێت دۆخێکی مەترسیدار دروست بکات، دووەم ڕووسیا خوازیاری ئەو بوو کە وەک زلهێزێکی گەورە و کاریگەر دەربکەوێت لەم ناوچەیە و بۆ ئەوی لە ئاستی جیهانیدا بناسرێت تا ئەو ڕادەیەی کە لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکادا لە پەیوندی دابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بەدوای ئامانجەکان و بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بگەڕێت هەروەها ئەم وڵاتە هەمیشە جەختی لەو کردۆتەوە کە بە پێچەوانەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە یاساکانی خۆیان یاری دەکات بە بەکارهێنانی ڕێبازی لۆژیکی فرەلایەنی و هێزی نەرمیان پێ باشترە.[5]

بە گشتی رووسیا نەک تەنیا نەبووە بەشێک لە هاوپەیمانی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بەلکو گۆمانی لە ئامانجەکانی ئەم هاوپەیمانییە هەبوو لە ناوچەکە و لە ڕوانگەی ریالیسمی هێرشبەر مێرشایمر، کێبڕکێی نێوان ئەمریکا و ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا کە بە ڕواڵەت خۆی وەک شەڕی داعش پیشان دەدات، لە ڕاستیدا بەشێکە لە کێبڕکێیەکی ڕێگری لە فراوانخوزی لە نێوان هەردوو زلهێزەکەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان و ڕێڕەوی وزە و پاراستن یان فراوانکردنی کاریگەریی جیۆپۆلەتیکی خۆیان، لە کاتێکدا ئەم کێبڕکێیە یارمەتی لاوازکردنی داعشی دا، بەڵام دەرئەنجامەکانی وەک قووڵبوونەوەی جیاوازیی نێوان ئەکتەرە ناوچەییەکان و زیادکردنی ئاڵۆزی قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستیشی هەبوو، بۆیە ڕۆڵی زلهێزەکان لە بەڕێوەبردنی ئاسایشی ناوچەکەدا لە دژی داعش تەنیا لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم گروپە سنووردار نییە،

---

[1] لاوروف، سرگی، انتقاد بی‌سابقه لاوروف از ائتلاف ضد داعش،snn ۱۳۹٤
https://snn.ir/fa/news/438477/انتقاد-بی%E2%80%8Cسابقه-لاوروف-از-ائتلاف-ضد-داعش

[2] Visser , Laura Russia's Intervention in Syria, ejiltalk.org, 2015
https://www.ejiltalk.org/russias-intervention-in-syria/

[3] Congressional Research, Coalition Contributions to Countering the Islamic State, Updated August 24, 2016, p5, file:///C:/Users/paytekht/Downloads/index_delayed_ui.pdf

[4] قیصر، حسن، النفوذ الأمريكي في الشرق الأوسط في ضوء المتغيرات الإقليمية والدولية، مجلة العلوم الإنسانية والطبيعية،٢٠٢٤

[5] Sadeghi, Seyed Shamseddin , Moradi , Samira (2017), "Analysis of the Iran-Russia Coalition in the Light of the Syrian Crisis", Central Eurasia, Studies, Vol. 10, No. 1, pp. 153- 170

بەڵکو بەشێکە لە هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی دەسەڵات و کاریگەری و بەرژەوەندییە ستراتیجی یەکان لە ناوچەکەدا، کێبڕکێی نێوان زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە لە سیستەمێکی نێودەوڵەتی ئانارشیستی، تەنانەت کردەوەی بەڕواڵەت هاوئاهەنگ لە دژی هەڕەشە هاوبەشەکان لە ژێر کاریگەری بەرژەوندییە نیشتمانییەکان و کێبڕکێی دەسەڵاتدایە.

تەوەری چوارەم: بەشداری نەکردنی هێزی زەمینی وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی لە شەری دژی داعش:

لە پاش دروست بوونی هاوپەیمانی یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دابەش کردنی ڕۆلی ئەندامان بوو، وڵاتانی ئەندام بە پێی توانا و ڕادەی بەشداریان لە هاوپەیمانیەتی کۆمەلێک ئەرک و بەرپرسیارەتیان بەردەکەوت وەک ( لێدانی ئاسمانی ، دابین کردنی زانیاری هەوالگەری، یارمەتی مرۆیی، پشتیوانی لە سەقامگیری وڵاتانی تێوەگلاو لە شەر، ڕاهێنان و ڕاوێژی سەربازی و کۆمەلێک ئەرکی تر.[1]

سەرەرای بەشداری وڵاتان، بەڵام هیچ وڵاتێک ئامادە نەبوو کە بەشداری بە هێزی سەربازی سەر زوی خۆی بکات لە شەری داعش لە هەرێمی کوردستان، عێراق و سوریا، یەکێک لە هۆکارەکانش ئەو بوو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەیانویست خۆیان لە شەڕێکی زەمینی درێژخایەنی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بەدووربگرن، چونکە ئەزموونی زۆر باشیان لە ئاکامەکانی ئەم جۆرە بەشداریانە هەبوو، وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا هەوڵیاندا ڕێگری بکەن لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی شەرێکی درێژخایەن بە تێچوویەکی زۆر وەک شەری ئەفغانستان (٢٠٠١) و عێراق (٢٠٠٣) و زیاتر سەرنجیان لەسەر هێرشی ئاسمانی و هاوبەشکردنی زانیاری هەواڵگری و پێشکەشکردنی پشتیوانی بۆ هێزە ناوخۆییەکان بوو.[2]

هەروەها ترسی ئەم وڵاتانە لە دژایەتی رای گشتی لە وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی، بەتایبەتی لە ئەوروپا و ئەمریکا، ڕێگرییەکی گەورە بوو بۆ جێگیرکردنی هێزی زەمینی و هاوڵاتیانی ئەم وڵاتانە تا ڕادەیەکی زۆر دژی هەر جۆرە ململانێیەکی سەربازی درێژخایەن بوون، جگە لەوش لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا بەشداری پێ کردنی هێزی زەمینی بە پێی یاسا ناوخۆییەکان پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمان هەبوو بۆ جێگیرکردنی هێزی سەربازی و ئەمەش پرۆسەی بڕیاردانی ئاڵۆزتر دەکرد.[3]

لەگەل ئەمەشدا حکومەتی عێراق لە سەردەمی حەیدەر عەبادی سەرۆک وزیرانی عێراق نیگەران بوو لە ڕێگەدان بە بڵاوپێکردنی هێزی بیانی بە قەبارەیەکی بەرفراوان و زیاتر پاڵپشتی هاوپەیمانان لە شێوی هێرشی ئاسمانی، مەشق و

[1] Patrick A. Mello, Incentives and constraints: a configurational account of European involvement in the anti-Daesh coalition, The Author(s), 2022. Published by Cambridge University Press on behalf of European Consortium for Political Research, 2022
https://www.cambridge.org/core/journals/european-political-science-review/article/incentives-and-constraints-a-configurational-account-of-european-involvement-in-the-antidaesh-coalition/8FEB909EA744514EC01E88649A4E0A87

[2] MarcusB , Jonathan, Islamic State: Where key countries stand, Islamic State: Where key countries stand - BBC News, 2015
https://www.bbc.com/news/world-middle-east-29074514

[3] Patrick A. Mello, Incentives and constraints: a configurational account of European involvement in the anti-Daesh coalition, European Political Science Review (2022), 14, pp 226–244
https://www.cambridge.org/core/journals/european-political-science-review/article/incentives-and-constraints-a-configurational-account-of-european-involvement-in-the-antidaesh-coalition/8FEB909EA744514EC01E88649A4E0A87

هاوكاری لۆجستی پێ باشتر بوو، ئەمەش وای دەكرد بۆ خۆپاراستن لە لەدەستنەدانی شەرعیەت بۆ شەری داعش هاوپەیمانان خۆیان لە ناردنی هێزی سەربازی بەدوور بگرن بە تایبەت ئەمریكا.[1] و دەرئەنجامە نەرێنییەكانی بوونی هێزی بیانی دەیتوانی ببێتە هۆی زیادبوونی گرژی ناوخۆیی، ناوچەیی و توندتركردنی هەستی دژە ئەمریكی لەم ناوچانە بە تایبەت لە بەشە عەرەب نشینەكان هەروەها ڕەنگە ئەم ئامادەبوونە وەک داگیركاری هەستی پێبكرێت و شەرعیەتی حكومەتەكان كەم بكاتەو.[2]

شرۆڤەكارانی سەربازی پێیان وابوو كە بوونی هێزی زەمینی ئەمریكا لە ڕابردوودا نەیتوانیوە ببێتە هۆی چارەسەری بەردەوام بۆ كێشەكان و تەنانەت ڕەنگە ئەنجامی پێچەوانەشی هەبووبێ بۆ بەرژەوەندیەكانی، و لە مێژووی ئەمریكا دا چەندین نموونەی زیندوو بۆ ئەم بابەتە هەیە كە دیاری ترینیان شەری ڤێتنامە (١٩٥٥-١٩٧٥)، جێرمی شاپیرۆ شرۆڤەكار لە دامەزراوەی بروكینگز باس لەوە دەكات كە هێزەكانی ئەمریكا دەتوانن شكستی سەربازی بەسەر داعشدا بسەپێنن، هەروەها ئامانجی هاوپەیمانان و ئەمریكا لەم قۆناغە تێكشكاندنی سەربازی داعشە و هێزە زەمینیەكانی ئەمریكا ئەو كێشەیە چارەسەر ناكەن كە داعش نوێنەرایەتی دەكات لە كاتێكدا دەركەوتنی داعش نیشانەی ململانێ سیاسی و تایفیەكانە لە عێراق و سوریا و بەبێ پێشكەوتن و بەشداری ئەكتەرە ناوخۆییەكان و بەرەی سیاسی لە عێراق و سوریا، شكستی داعش لە ڕووی سەربازییەوە هیچ مانایەكی نابێت و وا دەكات لە دوا ڕۆژ دووبارە گروپێكی دیكە، ڕەنگە خراپتر، بە سادەیی لەم ناوچانە سەرهەڵدەدات.[3]

هەروەها بوونی هەزاران سەربازی ئەمریكا یان هاوپەیمانان وا دەكات كە داعش و بەرەی تیرۆر، شەرعیەتی زیاتر بە خۆی بدات و ببێتە هۆی ڕاكێشانی زیاتری هاوسۆزی توندرەوە ئاینییەكان بۆ شەر دژی هێزی هاوپەیمانان و هێزەكانی ناوخۆیش وەلا دەنێت بۆ ئەوەی هەولەكی جدی بۆ شەر لەگەل تیرۆریستان بدەن.[4]

لە كۆتایدا پێویستە ئاماژە بەوەش بكرێت كە بەشداری نەكردنی هێزی زەمینی هاوپەیمانان لە شەری داعش بووە هۆی رەخساندنی دەرفەتێكی باش بۆ هێزە لۆكالیەكانی ناوچەكە وەک دروست بوونی حشدی شعبی لە عێراق هەروەها پشتبەستنی هاوپەیمانان بە هێزە كوردیەكان لە رۆژئاوا و باشووری كوردستان بە تایبەت هێزەكانی پێشمەرگە كە سەرەرای كەم ئەزموونیان لە شەری جبهەی توانیان بە شێوەیەكی كاریگەر بەشداری ئۆپەراسیۆنە سەربازییە جۆراوجۆرەكان بكەن و ناوچە ستراتیجییەكان كۆنترۆڵ بكەن. هەروەها ئەم هاوكارییە نزیكەی نێوان هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان نەک هەر ئاڵوگۆڕی زانیاری و تەكنیكە سەربازییەكانی لەخۆگرتبوو، بەڵكو یارمەتیدەر بوو بۆ دروستكردنی هاوسەنگییەكی نوێ لە بەرەكانی شەڕدا. زۆرێک لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەكان بووە هۆی ئاڵوگۆڕی زانیاری بەسوود لە نێوان پێشمەرگە و هێزەكانی هاوپەیمانان، كە كاریگەرییەكی بەرچاوی لە سەركەوتنە مەیدانییەكان لە دژی داعش هەبوو.

---

[1] Radio Farda Iraqi ,PM: Deploying Foreign Ground Troops In Iraq A 'Hostile Act, 2015 ,
https://www.rferl.org/a/iraqi-pm-deploying-foreign-ground-troops-in-iraq-a-hostile-act/27406239.html

[2] Jeremi, Suri, Why Committing Ground Troops to Eradicate ISIS is a Bad Idea, news.utexas.ed, 2015
https://news.utexas.edu/2015/12/18/why-committing-ground-troops-to-eradicate-isis-is-a-bad-idea/?utm_source=chatgpt.com

[3] Shapiro, Jeremy , U.S. boots on the ground against ISIS: Neither necessary nor effective Jeremy Shapiro, brookings.edu, 2015, https://www.brookings.edu/articles/u-s-boots-on-the-ground-against-isis-neither-necessary-nor-effective/

[4] Murphy , Chris, U.S. boots on the ground against ISIS: There are other alternatives Senator Chris Murphy, 2015, https://www.brookings.edu/articles/u-s-boots-on-the-ground-against-isis-there-are-other-alternatives/

**دەرئەنجام:**

دوای سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، ئەو گروپە تیرۆریستییە هەڕەشەی بەربڵاوی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و نێودەوڵەتی دروست کرد. داعش توانی لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر ٤٠٪ خاکی عێراق و ٣٥٪ خاکی سوریادا بگرێت و بەخێرایی بووە هۆی دروستکردنی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچانەدا و دروست بوونی هەڕەشەیەکی جیهانی. چالاکییەکانی ئەم گروپە، بەتایبەتی توندوتیژییە دڕندەکانی و هێرشە تیرۆریستییەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، سەرنجی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشا، سەرهەڵدانی داعش دەرئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە زۆرێکیان ڕەگ و ڕیشەیەیان لە پاشەکشەی ئەمریکا و بۆشایی دەسەڵات لە عێراق و سوریادا هەبوو.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم دۆخە، ئەمەریکا و چەند وڵاتێکی تری ڕۆژئاوایی، دوای لێکۆڵینەوە لە مەترسیە ئەگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی داعش، بڕیاریاندا هاوپەیمانیەکی سەربازی دروست بکەن. ئەم هاوکارییە نێودەوڵەتییە بە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی داعش و پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق و سوریا دەستپێکرد. لە سەرەتادا ئەمریکا بە سەرکردایەتی باراک ئۆباما سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی و ئۆپەراسیۆنی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەستوەردانی کرد. دواتر هەوڵەکانیان بۆ پێکهێنان هاوپەیمانەتییەکی جیهانی چڕ کردەوە کە ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە وستاندنی پێشڕەوییەکانی داعش و تێکدانی ژێرخانی سەربازی و دارایی داعش هەروەها پاڵپشتیکردنی هێزە ناوخۆییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوی ناوچە داگیرکراوەکان.

شەڕی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش یەکێکە بوو لە ئاڵۆزترین و بەرفراوانترین ئۆپەراسیۆنەکانی دژە تیرۆر لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە سەرکردایەتی ئەمریکا. هەرچەندە داعش بە شێوی هەمیشەیی کۆتایی پێ ناهاتووە،بەلام پێکهاتە سەربازی و دارایی و سیاسییەکەی تاڕادەیەکی زۆر لەناوچووە، شکستی هێنانی داعش بێگۆمان بەرهەمی هاوکاری، هەماهەنگی و ڕۆل بینینی ئەکتەرەکانی ناوچەی و جیهانیەکان بووە، کە بە روونی سەلماندی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێویستی بە کۆشش و هەماهەنگی هەمەلایانە هەیە.

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش نموونەیەکی بێوێنەی هاوکاری نێودەوڵەتی بوو لە شەڕی دژی تیرۆر و سەرەڕای کێشەکان و ئالنگاریەکان، کە لە لایەک لە رووی سیاسی و یاسای کاریگەی دەکردە سەر شەرعیەتی هاوپەیمانیەتی و هەروها دژایەتی ناوچەی و زلهێزانی جیهانی کە لەگەل شێوازی پرۆسەی بەرنگار بوونەوی تیرۆر لە ناوچەکە ، و بوونی سیاسەتی جیاوازی هندێک ئەندامی ناو هاوپەیمانی کە تا رادەیەک کاریگەریان هەبووە لە سەر رۆل بینینی هاوپەیمانان و درێژە کێشانی پرۆسەی روخاندنی رێکخراوەی تیرۆریسستی داعش، بەڵام بە شێوەکی گشتی هاوپەیمانی توانی ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە تێکشکاندنی یەکێک لە مەترسیدارترین گروپە تیرۆریستییەکانی جیهان.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردیەکان:**

١-بارزانی، مەسعود، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ئەیلوولی ٢٠٢٠

٢-- یونس، وریا، دەرکەوتنی خوێناوی داعشلە جەنگی دژواردا،بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێنخانەکان، سپاردنی ٤٠٧، سالی ٢٠١٧، ل ٤٢

٣--کامەران مەنتک، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕێکخراوی داعش لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چاپخانەی سەردەمر، ساڵی ٢٠٢٠

٤- مەهدی، قارەمان، شەڕی داعش و هێرشی حەشد، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردن ٨٣، ساڵی ٢٠١٩، هەولێر

٥-فتاح، ئومێد . کاکەمین، زانا، بنەما یاسایيەکانی جەنگی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە عێراق، المجله اعلمیه الجامعه جیهان _سلێمانی، المجلد ٤، العدد٢، کانون الاول ٢٠٢٠

٦- بارزانی .مەسعود ، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی ٣، ٢٠٠٦ - ٢٠١٦، بەشی ٢، چاپخانەی ڕۆکسانە، ساڵی ٢٠٢٢
٧-فتاح، ئومێد . کاکەمین، زانا، بنەما یاساییەکانی جەنگی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە عێراق، المجله اعلميه الجامعه جيهان _سلێمانی، المجلد ٤، العدد٢، كانون الاول ٢٠٢٠
٨-1 مەنتک، کامەران، پەیوەندییەکانی نێوان تورک چیا وە ڕێکخراوی داعش لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە ٩٤٧، سلێمانی، ٢٠٢٠

سەرچاوە فارسیەکان

١-بوزان ،باری ،١٣٩١ مناطق و قدرتها ترجمه رحمان قهرمان پور انتشارات پژوهشكده مطالعات راهبردی، تهران
٢- ڕەحمان، ئەرسەلان، شەڕی دەروونی داعش و ڕەنگدانەوەی لە میدیای کوردی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥،
٣- بهروز دريكوند، كيومرث يزدان پناه درو، رزيابی ساختار ثبات و امنيت منطقه ای فضاهای جغرافيايی و ژئوپليتيكی پسا داعش در منطقه غرب آسيا (مطالعه موردی عراق، فصلنامه علمی پژوهشی جغرافيا (برنامه ريزی منطقه ای سال نهم، شماره ٢ بهار ١٣٩٨
٤- ابراهيم نژاد، محمد، فرمانيا، مهدی ، داعش، دارالاعلام لمدرسه اهلالبيت،چاپ دوم، ١٣٩٣
٥-1بوزان ، باری، ١٣٨١ ، خاورميانه ساختاری همواره كشمكش زا ، فصلنامه سياست خارجی ، ترجمه احمد صادقی ، سال شانزدهم شماره ٣، تهران ،١٣٨١
٦- اقبالی ، علی، هدف امريكا و ناتو از تشكيل ائتلاف مبارزه با داعش، مركز بين المللی مطالعات صلح – IPSC،١٣٩٣، https://peace-ipsc.org/fah / هدف-امريكا-و-ناتو-از-تشكيل-ائتلاف-مبا /
٧- لطفی، احمد ، شارق، زهرا، بررسی مشروعيت عملكرد ائتلاف ضد داعش( دولت اسلاميعراق و شام )از منظر حقوق بينالملل در سوريه ، فصلنامۀ مطالعات حقوق عمومی، دورۀ ٤٦ ، شمارۀ ١، بهار ١٣٩٥
٨-موسی زاده رضا, مبينی جواد، مداخله نظامی ناتو در ليبی ٢٠١١ در پرتو قواعد حقوق بين الملل بشردوستانه." ٢٠١٢
٩-طباطبايی، سيد احمد ، شورای امنيت و مداخله نظامی در ليبی، حمايت از غير نظاميان و ايجاد منطقۀ ممنوعه،مجله حقوق خصوصي، سال هفتم، شماره ١٦، بهار و تابستان
١٠- 1 ابراهيمی، نبیاله، تحول مفهوم مداخله بشردوستانه در روابط بينالملل، فصلنامه مطالعات راهبردي شماره ٣، ٢٠٠٨، تهران
١٠ خليلی ،رضا ، شيخزاده ، حسين ، مقاله پژوهشي: بررسي مقايسهای راهبردهای ايران و آمريكا در مقابله با داعش، فصلنامه علمی مطالعات بينرشتهای دانشراهبردی سال سيزدهم، شماره ،٥٢ پاييز ،١٤٠٢ صص٧١-٨٦
١١ خانی، حسن، داعش و نگاه ايرانی به امنيت منطقه ای در جستجوی چارچوبی تحليلی، فصلنامه پژوهشهای راهبردی سياست، سال هفتم، شماره ٢٦ ، پاييز ١٣٩٧

سەرچاوە عەرەبیەکان:
١-محمد، نزهت، الأمن الوطني بين التحديات الداخلية والخارجية، جامعة صلاح الدين- أربيل ، أطـــــروحة الدكتوراه ،٢٠٢
٢- ناجح، ابراهيم ،النجار، هشام، داعش(السكين التى تذبح الاسلام) ، دارالشرق، القاهره، مصر، ٢٠١٤
٣- قيصر، حسن، النفوذ الأمريكي في الشرق الأوسط في ضوء المتغيرات الإقليمية والدولية، مجلة العلوم الإنسانية والطبيعية،٢٠٢٤

سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1-Wanandi, Jusuf. "A global coalition against international terrorism." International Security 26, no 4،(2002)

2-Schmid, A. P. (2011). The Routledge Handbook of Terrorism Research, Routledge

3-Jusuf Wanandi, A Global Coalition against International Terrorism,2002
https://www.jstor.org/stable/3092107

4-Riker, W. H. . The Theory of Political Coalitions, new haven,Yale University Press, 1962

5-Waltz, Kenneth. Theory of International Politics. Reading, MA: Addison-Wesley, 1979

6-Mearsheimer, John J, The Tragedy of Great Power Politics, New York, 2001, W.W. Norton & Company, Chapter 6, (Anarchy and the Struggle for Power)

7- Mearsheimer, John J, Chapter 7,( Balancing and Buck-Passing)

8- Piccoli, Wolfango ,Alliance Theory: The Case of Turkey and Israel, 1999, https://ciaotest.cc.columbia.edu/wps/pic01/

9-Gelpi,Christopher (1999), Allance as Instruments of Intra Allied Control, in Haftendorn,Keohane and Wallander,op.cit.1999

10-Brilmayer,Lea (1994), American Hegemony, New Haeven: Yale University Press , 1994,

11-Carmen-Cristina Cîrlig, "The International Coalition to Counter ISIL/DAESH", European Parliamentary Research Service, 17 March 2015,

12Clinton, Hillary Rodham. 2014. Hard Choices. New York: Simon & Schuster,

13-Draft articles on Responsibility of States for Internationally Wrongful Acts, with commentaries - 2001

14-Arimatsu, Louise and Schmitt, Michael N, Attacking 'Islamic State' and the Khorasan Group: Surveying the International Law Landscape (November 18, 2014

15- Chapter VII: Action with Respect to Threats to the Peace, Breaches of the Peace, and Acts of Aggression (Articles 39-51)

16- Lister CR. The Islamic State: a brief introduction. Brookings Institution Press; 2015 Mar 2.p 30

-97 P. Iran’s role in Iraq. Perspective Expert insights on a timely policy issue.201517- Nader A.
file:///C:/Users/paytekht/Downloads/RAND_PE151%20(1).pdf

18- Lister CR. The Islamic State: a brief introduction. Brookings Institution Press; 2015 Mar 2

19I. Susilo, R. A. Putri, & N. Azizah. (2019). United States’s Intevention against the Islamic State of Iraq and the Levant. In Indonesian Journal of International Relations

20- P. Bielicki. (2018). Policy of the Russian Federation towards Kurds in the Syrian Conflict. In Southern Cultures

21-1 Sadeghi, Seyed Shamseddin , Moradi , Samira (2017), “Analysis of the Iran-Russia Coalition in the Light of the Syrian Crisis”, Central Eurasia, Studies, Vol. 10, No. 1,

سایتەکان دوکیومێنتە فەرمیەکان نێودەلەتی:

1-Donald Trump , WSJ,Trump Calls Clinton the 'Founder of ISIS', 2016
https://www.wsj.com/video/trump-calls-clinton-the-founder-of-isis/59544B5A-1C2A-4F49-91F6-A94B1AACB387?mod=article_inline

2-Barack Obama,President Obama Makes a Statement on the Crisis in Iraq,2014, obamawhitehouse, https://obamawhitehouse.archives.gov/blog/2014/08/07/president-obama-makes-statement-iraq

3-Barack Obama ،Statement by the President on ISIL ،3- obamawhitehouse, , 2014, https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/09/10/statement-president-isil-1?utm_source=chatgpt.com

4-Barack Obama, Obama: Nato coalition ready to join US against IS, bbc,2014 https://www.bbc.com/news/world-us-canada-29085248

5-Martin, Patrick , US forms ten-nation coalition to escalate war in Iraq, Syria,wsws, 2014, https://www.wsws.org/en/articles/2014/09/06/isis-s06.html?utm_source=chatgpt.com

6-Barack Obama , Statement by the President on ISIL, The White House
Office of the Press Secretary, 2014
https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/09/10/statement-president-isil-1?utm_source=chatgpt.com

7-US.DEPARTMENT of STATE,Jeddah Communique, 2014, https://2009-2017.state.gov/r/pa/prs/ps/2014/09/231496.htm

8-hurriyetdailynews, Coalition meets after Obama's anti-ISIL call - World News ,2014, https://www.hurriyetdailynews.com/coalition-meets-after-obamas-anti-isil-call-71614

9 Hoshyar Zebari, Iraq Asks the U.S. to Launch Air Strikes Against Sunni Militants ,time, 2014, https://time.com/2898854/iraq-wants-us-air-strikes/?utm_source=chatgpt.com

10-Letter dated 25 June 2014 from the Permanent Representative of Iraq to the United Nations addressed to the Secretary-General, https://digitallibrary.un.org/record/773863?v=pdf

11-FRANCE 24, Paris summit vows to defeat IS by 'any means necessary',2014, https://www.france24.com/en/20140915-islamic-state-paris-france-summit-hollande-iraq-usa-kerry-eu?utm_source=chatgpt.com

12-US.DEPARTMENT of STATE, Joint Statement Issued by Partners at the Counter-ISIL 17-Coalition Ministerial Meeting, 2014, https://2009-2017.state.gov/r/pa/prs/ps/2014/12/234627.htm?utm_source=chatgpt.com

13-U.S. Department of State , Home, Members ,The Global Coalition To Defeat ISIS,2015, https://www.state.gov/the-global-coalition-to-defeat-isis-partners/

14-Congressional Research, Coalition Contributions to Countering the Islamic State, Updated August 24, 2016, pp 8- 11, file:///C:/Users/paytekht/Downloads/index_delayed_ui.pdf

15 Zia H. Shah, review of ISIS: A History, by Fawaz A. Gerges, Muslim Times, April 3, 2016, https://themuslimtimes.info/2016/04/03/isis-a-history-by-fawaz-a-gerges/

16Tim Lister,CNN, ISIS goes global: 143 attacks in 29 countries have killed 2,043, 2015, https://edition.cnn.com/2015/12/17/world/mapping-isis-attacks-around-the-world/index.html

17 Simon, Joel , Is it time to end media blackouts?, September 3, 2014, https://www.cjr.org/the_kicker/james_foley_steven_sotloff_media_blackout.php

18 B.B.C News, Paris attacks: What happened on the night, 2015
https://www.bbc.com/news/world-europe-34818994

**19 United Nations Security Council Resolution 2249- 2015**
**https://www.securitycouncilreport.org/atf/cf/%7B65BFCF9B-6D27-4E9C-8CD3-CF6E4FF96FF9%7D/s_res_2249.pdf**

**20-Sterman, David, Decision-Making in the Counter-ISIS War, November 2019,p 30**
**file:///C:/Users/paytekht/Downloads/Decision-Making_in_the_Counter-ISIS_War_2019-11-06_175206.pdf**

**21 Anthony H. Cordesman , CSIS, Terrorism: The Thing We Have to Fear the Most is Fear Itself, 2016,**
**https://www.csis.org/analysis/terrorism-thing-we-have-fear-most-fear-itself**

**22-RAND Research, The Role of U.S. Airpower in Defeating ISIS, Published Feb 12, 2021,**
**https://www.rand.org/pubs/research_briefs/RBA388-1.html?utm_source=chatgpt.com**

**22 Mills,Claire ,ISIS/Daesh: the military response in Iraq and Syria, Number 06995, 8 March 2017, House of Commons Library, https://commonslibrary.parliament.uk/research-briefings/sn06995/?utm_source=chatgpt.com**

**23-BBC, IS fight: US-led coalition says it killed 1,300 civilians in Syria and Iraq, 31 May 2019,**
**https://www.bbc.com/news/world-middle-east-48473979**

**24 Security Council , Adopted by the Security Council at its 7242nd meeting, on 15 August 2014,**
**file:///C:/Users/paytekht/Downloads/UNSC-2170-Syria-Iraq.pdf**

**25 UN Security Council Resolution, (2178), 24 September 2014**
**https://www.justice.gov/file/405626/dl**

**26 UN News, UN human rights panel concludes ISIL is committing genocide against Yazidis,**
**UN human rights panel concludes ISIL is committing genocide against Yazidis | UN News**

**27-ESFANDIARY, DINA . TABATABAI ,ARIANE, Iran's ISIS policy, *International Affairs*, Volume 91, Issue 1, January 2015, Pages 1–15,**
**https://www.chathamhouse.org/sites/default/files/field/field_publication_docs/INTA91_1_01_Esfandiary_Tabatabai.pdf**

**28 Eyder Peralta, Obama: Our Goal Is To 'Dismantle' The Islamic State,**
**https://www.npr.org/sections/thetwo-way/2014/09/05/346099402/obama-our-goal-is-to-dismantle-the-islamic-state**

**29-Visser , Laura Russia's Intervention in Syria,**
**https://www.ejiltalk.org/russias-intervention-in-syria/**

**30 Congressional Research, Coalition Contributions to Countering the Islamic State, Updated August 24, 2016, p5, file:///C:/Users/paytekht/Downloads/index_delayed_ui.pdf**

**31- Iraqi PM: Deploying Foreign Ground Troops In Iraq A 'Hostile Act, https://www.rferl.org/a/iraqi-pm-deploying-foreign-ground-troops-in-iraq-a-hostile-act/27406239.html**

**32-Jeremi, Suri, Why Committing Ground Troops to Eradicate ISIS is a Bad Idea,**
**https://news.utexas.edu/2015/12/18/why-committing-ground-troops-to-eradicate-isis-is-a-bad-idea/?utm_source=chatgpt.com**

**33-Shapiro, Jeremy , U.S. boots on the ground against ISIS: Neither necessary nor effective**
**Jeremy Shapiro, U.S. boots on the ground against ISIS: Neither necessary nor effective**

**34-Murphy , Senator, U.S. boots on the ground against ISIS: There are other alternatives**

Senator Chris Murphy, U.S. boots on the ground against ISIS: There are other alternatives

کشی کرده است، ۲۰۱۶، جان کری ، بی بی سی فارسی ، آمریکا: داعش نسل35

https://www.bbc.com/persian/world/2016/03/160317_l43_us_isis_genocide

-36 منشور سازمان ملل متحد، PDF

http://hrlibrary.umn.edu/instree/UN-charter-1945[farsi].pdf

-37 داستان سنجار و کردها؛ از تراژدی تا پیروزی ، همن سیدی، BBC News- فارسی ،

BBC News- فارسی داستان سنجار و کردها؛ از تراژدی تا پیروزی

## تشكيل التحالف الدولي ضد داعش والتحديات الرئيسية التي تواجهه (2014-2017)



| |
|---|
| دلوڤان ميره عبدالله |
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| البريد الالكتروني: dlovanmeerah@gmail.com |
| پ. د. صالح عمر عيسى |
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| البريد الالكتروني: salih.issa@su.edu.krd |




### الملخص

شكل صعود جماعة داعش الإرهابية في عام 2014 وتوسعها السريع واحتلالها لجزء كبير من العراق وسوريا تهديدًا خطيراً للأمن الإقليمي والعالمي. واستجابة لهذه الأزمة، تم تشكيل تحالف عسكري دولي بقيادة الولايات المتحدة لمحاربة داعش. تتبع هذه المقالة عملية تشكيل هذا التحالف بين عامي 2014 و2017 وتحاول تحليل العملية والأهداف والتحديات ذات الأهمية القانونية والاستراتيجية والسياسية وشرح الإجابات على هذه الأسئلة: ما هي المشاكل التي واجهت تشكيل هذا التحالف؟ وهل أثرت على الهدف الرئيسي، وهو مكافحة الإرهاب؟ وأخيراً، خلصت الدراسة إلى أنه على الرغم من النجاح النسبي في إضعاف الهيكل العسكري لداعش، إلا أن المشاكل الهيكلية والسياسية للأعضاء والدول الأخرى المشاركة في مكافحة الإرهاب لا تزال تشكل عقبة رئيسية أمام استمرار مكافحة الإرهاب الدولي التي جمعها الموضوع.


الكلمات المفتاحية: (التحالف الدولي، حرب داعش، الإرهاب).

# The formation of the international coalition against ISIS and its main challenges Front(2017-2014)

| |
|---|
| **Dlovan Meerah Abdullah** |
| **Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region – Iraq** |
| **Email:** dlovanmeerah@gmail.com |
| **Prof. Dr. Salih Omar Issa** |
| **Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region – Iraq** |
| **Email: salih.issa@su.edu.krd** |

## Abstract

**The rise of the terrorist group ISIL in 2014 and its rapid expansion and occupation of a significant part of Iraq and Syria, posed a serious threat to regional and global security. In response to this crisis, a US-led international military coalition was formed to fight ISIS. This article follows the process of forming this coalition between 2014 and 2017 and tries to analyze the process, objectives and challenges of legal, strategic and political importance and explain the answers to these questions: What were the problems facing the formation of this coalition? And have they affected the main goal, the fight against terrorism? Finally, the study concludes that despite the relative success in weakening the military structure of ISIS, but the structural and political problems of members and other countries involved in the fight against terrorism remain a major obstacle to a continuous fight against international terrorism has collected by the subject.**

**Keywords: (International Coalition, War on ISIS, Terrorism)**